مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

# مستوى تطبيق مهارات التفكير الابداعي لدى معلمي مادة الاجتماعيات في المدارس الأساسية بمدينة كلار

**الباحث الأول: مدرس بختيار حبيب سعيد**
قسم الجغرافيا ، كلية التربية، جامعة
كرميان، كلار ، إقليم كوردستان، العراق.
bakhtiyar.habib@garmian.edu.krd

**الباحث الثاني : مدرس. د. هيوا غفار على**
مديرية التدريب والتعليم في كرميان،كلار ،
إقليم كوردستان، العراق.
hiwaali741@gmail.com

**الكلمات المفتاحية**: المهارات، التفكير، المهارات التفكير الإبداعي، معلمو مادة الاجتماعيات.

**كيفية اقتباس البحث**
سعيد ، مدرس بختيار حبيب ، هيوا غفار على ، مستوى تطبيق مهارات التفكير الابداعي لدى معلمي مادة الاجتماعيات في المدارس الأساسية بمدينة كلار ،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، كانون الثاني ٢٠٢٦،المجلد:١٦ ،العدد:١ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** مسجلة في
**ROAD**

**Indexed** مفهرسة في
**IASJ**

# The Level of Practicing Creative Thinking Skills among Social subject Teachers in Basic Schools in Kalar City

**First researcher: teacher.**
**Bakhtiyar Habib Said**
Department of Geography, College of Education ,University of Garmian, Kalar, Kurdistan Region, Iraq.

**Second researcher : teacher.**
**Dr. Hiwa Khafar Ali**
Garmian Training and Education Directorate, Kalar, Kurdistan Region, Iraq

**Keywords** : Skills, Thinking , Creative thinking skills , Social Subject Teachers.

**How To Cite This Article**
Said, Bakhtiyar Habib , Hiwa Khafar Ali , The Level of Practicing Creative Thinking Skills among Social subject Teachers in Basic Schools in Kalar City,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, January 2026,Volume:16,Issue 1.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

The study aimed to know the practice level of creative thinking skills among social subject teachers in basic schools in Kalar City.The analytical descriptive approach was followed. The research population consisted of social subject teachers in grades (7, 8, and 9 ) at the third-cycle basic schools in Kalar city.The study sample consisted of (46)male and female teachers, selected randomly. The research instrument was prepared based on previous studies in the field of creative thinking skills ,in the form of a direct observation checklist consisting of (39) items divided into three domains :fluency(13)items, flexibility(13)items ,originality(13)items.To ensure the reliability of the instrument, inter-rater agreement was used between two observers (the first researcher and another observer).Therefore, they used Pearson's correlation coefficient.The reliability coefficient was (0.85).After applying the

necessary statistical procedures, the researchers reached the following conclusion:
1.The overall level of practice of creative thinking skills among the sample was medium, with an average mean of (2.89).
2.The practice level of creative thinking skills for the field of flexibility was medium,with a weighted mean of (3.11)fluency was medium(2.98)and originality was weak(2.58).
3.There were no statistically significant differences at the (0.05) level in the sample based on the variables of gender or years of experience.

**ملخص البحث:**

تهدف هذه الدراسة إلى معرفة مستوى ممارسة معلمي مادة الاجتماعيات لمهارات التفكير الإبداعي في المدارس الأساسية بمدينة كلار .والمنهج المتبع في البحث المنهج الوصفي التحليلي.وتضمن مجتمع الدراسة معلمي مادة الاجتماعيات للصفوف (السابع والثامن و التاسع) من المرحلة الأساسية موزعين على مدارس الحلقة الثالثة الأساسية بمدينة كلار . وبلغت عينة الدراسة(٤٦) معلما ومعلمة من معلمي مادة الاجتماعيات. واعدت اداة البحث بناء على الدراسات السابقة في مجال مهارات التفكير الإبداعي، ثم طبقت بأسلوب الملاحظة المباشر على المعلمين، وللتحقق من صدق الأداة قام الباحثان بعرضها على مجموعة المحكمين إذ اعتمد الصدق الظاهري. وتم إيجاد ثبات الأداة اعتماداً على الاتفاق بين اراء أثنين من الملاحظين هما الباحث الأول و ملاحظاً اخر من الزيارة، لزيارة (١٠) من المدرسين والمدرسات في اربعة مدارس مختلفة اثناء تدريس مادة الاجتماعيات، ولمعرفة مدى الاتفاق بين تقييم الملاحظين تم استخدام معادلة بيرسون حيث بلغ معامل الاتفاق(٠,٨٥)، وطبق الباحثان الأداة البحث في صورتها النهائية إذا تكونت من (٣٩) فقرة موزعة على ثلاث مجالات، بعد استخدام الأدوات الإحصائية في الدراسة، توصلت الدراسة إلى النتائج الاتية:
١.كان مستوى ممارسة التفكير الإبداعي لدى عينة الدراسة في مستوى المتوسط على نحو عام،حيث بلغ الوسط المرجح العام (٢,٨٩). ٢.كان مستوى ممارسة مهارات التفكير الإبداعي لمجال الطلاقة في المستوى المتوسط،حيث بلغ الوسط المرجح(٣,١١)، وفي مجال المرونة في المستوى المتوسط(٢,٩٨)،اما في مجال الأصالة فكان المستوى ضعيفاً (٢,٥٨). ٣.عدم وجود فرق إحصائي في مستوى(٠.٠٥) لدى عينة الدراسة لمتغيرات(الجنس،سنوات الخدمة).

# ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناو شاری کەلاردا

توێژەری یەکەم : مامۆستا.بختيار حبيب سعيد: بەشی جوگرافیا،کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان عێراق.

توێژەری دووەم : مامۆستا. د. هيوا غفار علي : بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنان و پەروەردەی گەرمیان، کەلار،هەرێمی کوردستان،عێراق

**پوختەی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ زانینی ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە لای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناو شاری کەلار، ڕێبازی وەسفی شیکاری لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی(حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی لە خۆگرتووە کە دابەشبوون بە سەر قوتابخانە بنەڕەتیەکانی بازنەی سێیەم لە ناو شاری کەلاردا.نموونەی توێژینەوەکە(46) مامۆستای بۆ هەردوو ڕەگەز لە خۆگرتووە کە بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون.توێژەران ئامرازی توێژینەوەکەیان بەشێوەیەکی سەرەتای ئامادەکرد بەپشت بەستن بە توێژینەوەکانی پێشوو لە بواری لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، لە شێوەی فۆرمی تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ، توێژەران بەپشت بەستن بە ڕاوبۆچونی پسپۆرانی بوارەکە ڕاستی ڕواڵەتیان ئەنجامدا، بۆ دیاریکردنی جێگیری ئامرازی توێژینەوەکەش توێژەران پەیرەوییان لە شێوازی ڕێکەوتن لە نێوان دوو تێبینەردا کرد کە توێژەری یەکەم و تێبینەرێکی تر بوون, پاش سەردانیکردنی (10) مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە چوار قوتابخانەی جیاواز، بە پشتبەستن بە بەکارهێنانی هاوکۆڵکەی پەیوەستی پیرسۆن، جێگیری ئامرازەکە(0,85) بوو، پاش دەرهێنانی ڕاستێتی و جێگیری, ئامرازي توێژینەوەکە بەشێوەی کۆتای لە (39) برگە پێکهات و بەسەر سێ بواردا دابەشبوو. ئەوانیش بواری توانبێژی و بواری نەرمی نواندن و بواری ڕەسەنایەتی بوو, هەر بوارێکیش (13) برگەی لەخۆگرت. پاش جێبەجێکردنی ئامرازەکە بەسەر نموونەی بنەڕەتی توێژینەوەکەو پاشان بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان، لە کۆتای دا توێژەران گەیشتن بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1.ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای نموونەی توێژینەوەکە بەگشتی لە ئاستی ناوەنددا بوو، بە ناوەندی شیاوی گشتی(2،89).

2.لە سەرئاستی بوارەکانیش بواری توانبێژی لە ئاستی ناوەنددا بوو بە ناوەندی شیاوی(3,11)، بواری نەرمی نواندن لە ئاستی ناوەنددا بوو بەناوەندی شیاوی(2,98)، بواری ڕەسەنایەتی لە ئاستی لاوازدا بوو بە ناوەندی شیاوی(2,58).

3.نەبوونی جیاوازی ئاماری بە ئاستی بەڵگەداری(0,05) لای نموونەی توێژینەوەکە بۆ گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت).

**کلیلە ووشەکان: لێهاتووی، بیرکردنەوە، لێهاتووی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان**

## 1.بەشی یەکەم / ناساندنی توێژینەوەکە :



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١

**1-1 پێشەکی:** لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا پێشکەوتن سەرجەم بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە بە تایبەت بواری پەروەردە و فێرکردن، هەر لەگەڵ پێشکەوتنەکانیشدا هەندێك لە ئاستەنگ و ئاڵنگارییەکان ڕووبەڕوی کۆمەڵگای جیهان بوونەتەوە.ئەویش لە ژێر ڕۆشنای خێرابوونی شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژی و نوێبوونەوەی زانیاریەکان ئەو بۆچوونە لای وڵاتانی پێشکەوتوو دروست بووە کە کردارو پراکتیزە نەریتییەکان بە تەنها بەس نین بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئاڵنگارییەکان کە ڕەنگە چەندین کێشەی هەمەجۆر لە خۆبگرن. [1]
کە ئەمەش پێویستی بەتوانای تاك هەیە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا لەڕووی گرتبەری توانبێژی لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا و هەروەها نەرمی نواندن لەوەڵامدانەوەکاندا و ڕەسەنایەتی لە بەرهەمهێناندا.تێروانینەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بیرکردنەوەی داهێنەرانە گرنگی تایبەتی هەیە و بە یەکێك لە گرنگترین وەبەرهێنانە مرۆییەکان دادەنرێت لە ژیانی گەلاندا. لە ڕێگەیەوە دەستکەوتە شارستانیەکان لە سەرجەم بوارەکاندا بەدەست دێن، هەروەك بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنانی کەرەستە پزیشکیەکان و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان و خستنەڕووی ئەنجامەکانیان و پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیا و ئامێرەکان. کە دەبنە هۆی ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤەکان و بەڕێگایەکی نموونەیش دادەنرێت لە پێشکەشکردنی لایەنی زانستی و فیکری و تەکنولۆژیا و بازرگانی و فێرکاری، هەروەها هاوەڵی پەرەپێدان و گۆڕانکاری و ئاڵنگاریەکانە لە ڕێگەی توانا ئەقڵیەکانەوە، بە بەکارهێنانیان دەتوانرێت شێوازێکی زانستی و ڕاهێنرا و بوختکراو بگیرێتەبەر لە چارەسەرکردنی هەر جۆرە کێشەیەك لە کێشەکان. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئاراستە نوێکانی بواری پەروەردە جەختیان لە سوود و بەکارهێنانی کردۆتەوە، بە تایبەت بۆ قۆناغی سەرەتای کە جێگەو پێگەیەکی گرنگی لە پرۆسەی پەروەردەدا گرتووە و نوێنەرایەتی ئەڵقەی یەکەمە لە پایەی پەروەردەی وسەرەڕای ئەوەش بە گرنگترین قۆناغەکانی گەشەکردن لە ژیانی مرۆڤ دادەنرێت [2] پراکتیزەکردنی وانەوتنەوە بە ڕێگای بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە قوتابخانەکاندا بەو مامۆستایانە دەکرێت کە ئاستێکی باشیان هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا شارەزای پێویستیان هەیە لە جێبەجێکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بەشێوازێکی کارا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە سەردەمی ئێستادا کاری مامۆستا تەنها گەیاندنی زانیاری نیە بۆ مێشکی فێرخوازان ،بەڵکو ڕۆڵی مامۆستا گۆڕاوە بۆ ئاسانکاریکردن وخولقاندنی بارودۆخێکی گونجاوی داهێنەرانە لە پرۆسەی فێربووندا، بەمەش فێرخوازان دەبنە تەوەری پرۆسەی فێرکاری، مامۆستاش ڕەگەزێکی کاراییە و زۆرترین کاریگەری هەیە لە باشترکردنی پرۆسەی فێرکاری و پەرەپێدانی کوالێتیەکەی. بەم لۆژیکەش پێویستە ئاستی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایان بەرزبکرێتەوە و زیاتر پراکتیزەی ئەم کارامەییانە بکەن[2]، لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوە پەروەردەییەکان جەختیان کردۆتەوە لەوەی کە پەیوەندی هەیە لە نێوان ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایان و ئاستی دەستکەوتی خوێندنی فێرخوازان، لەوانەش (خیایا، 2019)، جەختیکردۆتەوە لەوەی کە پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی قۆناغی سەرەتای و خستنەڕووی بیرۆکەی داهێنەرانەی نوێ دەبێتە هۆی زیاتر دەوڵەمەندکردنی مادەی زانستی و هۆکارێکیشە بۆ زیاتر پەرەپێدانی توانا داهێنەرەکانی فێرخوازان، و جگە لەوەش بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندنیان .بەڵام (الخرايشه،2018) ئاماژەی بەوە کردووە کە لە ئەنجامی گرنگی پێنەدانی مامۆستایان بە لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و بەکارنەهێنانی ڕێگاو ستراتیژە فێرکاریە نوێکان لە وانەوتنەوەدا و جەختکردنەوەیان لە بەکارهێنانی ڕێگاو

ستراتیژەکانی پشت بەست بە دەرخکردن و ئەزبەرکردنی زانیارییەکان بووەتە هۆی لاوازی لە دەستکەوتی خوێندنی فێرخوازان، چونکە بەکارهێنانی ڕێگاو ستراتیژە نەریتیەکان دەبێتە هۆی وەرگرتنی زانیارییەکان بۆ مێشکی فێرخوازان و پاشان لە ماوەیەکی کورتدا لە بیریان دەچێتەوە.[3] بەڵام بەکارهێنانی ستراتیژ و ڕێگا نوێکان وادەکات زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە مێشکی فێرخوازاندا بمێنێتەوە بەپشت بەستن بەوانەی پێشوو کە خرانەڕوو، دەردەکەوێت کە بابەتی پراکتیزەکردنی لێهاتووی بیرکردنەوەی داهێنەرانە یەکێکە لەو ڕەگەزە گرنگ و بنچینەیانەی کە دەبێت لە وانەوتنەوەدا ئامادەی هەبێت، بە تایبەت زۆر پێویستە مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە وانەوتنەوەدا پەیڕەوی بکەن و سەرجەم سیستەمی فێرکاریش جەختی لە سەر بکەنەوە. [3]

**2-1کێشەی توێژینەوەکە :** زۆرێك لە پەروەردیاران و توێژەران داخوازی گرنگیدان بە بیرکردنەوە و لێهاتووییەکانی و شێوازەکانی دەکەن، بەو پێیەی کە داخوازێکی سەردەمیانەیە و بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ژیانی هاوچەرخەوە هاتوتە ئاراوە. لەکاتێك کە جیهان لە هەموو بوارەکاندا گۆڕانکاری خێرای بەسەردا هاتووە، کە ئەمەش پێویستی بە ئامادەکردنی تاکێك هەیە کە توانای پراکتیزەکردنی فێربوونەکانی هەبێت لە ئیش و کاری ڕۆژانەی دا و هەروەها توانای نرخاندنی زانیارییەکانی بەردەستی هەبێت کە لە سەرچاوە جۆرا و جۆرەکانەوە بە دەستی هێناوە[2], بیرکردنەوە بە یەکێك لە گرنگترین کارامەییە بنچینەیەکان لە بواری فێرکاری دادەنرێت و پەیوەندی بە برەوپێدانی تواناکانی فێرخوازان و گەشەپێدانی بیرکردنەویان هەیە بە ئاراستەی بەرەو پێشچون و زیادبوونی مەعریفەی فێرخوازان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بەو پێیەی کە زیادبوونی مەعریفەکانی فێرخوازان تەنها بەو زانیاریانە سنووردار ناکرێت کە فێرخوازان لە پۆلدا وەریدەگرێت، بەڵکو دەبێتە ئامرازێك بۆ فێربوون و ڕاهێنانیان لە سەر لێهاتووییەکانی بیرکردنەوە لە ئاستە باڵاکاندا، بۆ ئەوەی فێرخوازان بتوانن ڕووبەڕووی سەختی و کێشەکانی ژیان ببنەوە و بتوانن بڕیاری گونجاو لە ژیانیاندا بدەن. بۆیە جەختکردنەوە لە گەشەپێدانی بیرکردنەوە لەوەدا دەردەکەوێت کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ئامادەکردنی فێرخوازی داهێنەر کە توانای بیرکردنەوەی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی سەدەی بیست و یەك. گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکاری بەبێ بوونی مامۆستای شارەزاو داهێنەر ڕوونادات، واتە بە شێوەیەك ئەزموونداربێت کە کاریگەری لە سەر ڕەفتاری فێرخوازەکانی بەجێ بهێڵێت لە هەمان کاتدا پێویستە تواناداربێت و کەشێکی گونجاو لە نێو پۆلدا بڕەخسێنێت، بۆ هێنانە ئارای وانەوتنەوەیەکی داهێنەرانە و پاڵنەربێت بە ئاراستەی وروژاندنی بیرکردنەوەی فێرخوازان لەگەڵ ئەوەش ڕێگایان پێبدات بیرو بۆچونەکانیان بە ئازادانە دەرببڕن[3]، لە کاتێکدا ژمارەیەك لە توێژینەوەکان سەلماندویانە کە کەموکورتی هەیە لە پراکتیزەکردنی مامۆستایان لە پرۆسەی فێرکاریدا سەبارەت بە لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەوانەش لێکۆڵینەوەی(الشهری،2018) و (الخرابشة,2018) و (خيايا,2019) جەختیانکردۆتەوە لەوەی کە مامۆستایان پراکتیزەی ڕێگاکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیان کردووە بەڵام بەشێوەیەکی سنووردار بووە و جێگەی ڕەزامەندی نەبووە.هەروەها لە هەریەك لە توێژینەوەکانی (العطيوي,2014) و (عبدالقادر،2020) و (الشياب،2021) پێشنیاری پێویستی ڕاهێنانی مامۆستایاني کردووە بۆ بەکارهێنانی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، چونکە پەیوەندییەکی پێکەوەبەستراو هەیە لە نێوان پراکتیزەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و کەمبوونەوەی ئەو ئاستەنگیانەی کە مامۆستایان لە کاتی وانەوتنەوەدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە.[4]



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دەتوانین کێشەی توێژینەوەکەمان بەو پرسیارە گشتیە بخەینەڕوو، کە ئایا ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی بازنەی سێیەم لەناو شاری کەلاردا لە چ ئاستێکدایە؟

**3-1گرنگی توێژینەوەکە:** دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو :

1.توێژینەوەکە بابەتێکی گرنگی لە خۆگرتووە،کە پەیوەستە بە پراکتیزەکردنی لێهاتوویەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی، کە ئەمەش قۆناغێکی گرنگی لە بواری پەروەردەدا لە خۆگرتووە و لە ڕێگەیەوە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی فێرخواز بوونیاد دەنرێت.

2.گرنگی دەبێت لە لێ ووردبوونەوە و تێرامانی زیاتری مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە پەرەپێدان و پێداچوونەوە بە ئەدائی وانەوتنەوە لە ڕووی لێهاتووی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، کە ئاراستەی سەرنجیان بخەنەسەر زیاتر گرنگیدان بە بیرکردنەوەی داهێنەرانەو پێویستیەکانی پەرەپێدانی.

3.یەکێکی تر لە گرنگییەکانی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە تیشك خستنەسەر سروشتی پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەگەڵ پراکتیزەکردنی لێهاتوویەکان کە دوو لایەنی گرنگ پێك دەهێنن و بەیەکخستنیان فێرخوازان بەرەو بەدیهێنانی سەرکەوتنەکان دەبات.

4.خاڵێکی تر لە گرنگی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەگرنگی دان بە توانا داهێنەرەکان دڵەڕاوکێی داهاتووی فێرخوازان کەمدەکاتەوە،کاریگەری ئەرێنیشی لە سەر دەستکەوتی خوێندنیان دەبێت و هەستی متمانە بە خۆبونیشیان زیاتر دەبێت و کارامەتریان دەکات لە چارەسەرکردنی کێشەکانی داهاتوو.

5.دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە سوودی دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە بەرپرسن لە ئامادەکردن و شیاندنی مامۆستایان پێش دەستبەکاربوون و خزمەتکردن یان لە کاتی خزمەتکردندا، بەو پێیەی کە یارمەتیدەریان بێت لە پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوە باڵاکان، بە مەبەستی باشترکردنی کار ئەنجامدانەکانی مامۆستایان و پەرەپێدانی تواناکانی فێرخوازان لە هەمان کاتدا.

6.گرنگی دەبێت بۆ توێژەران کە لە ئایندەدا توێژینەوەی هاوشێوە ئەنجامدەدەن لە ڕووی سوودبینین لە هەنگاوەکانی توێژینەوەکە.

**4-1ئامانجی توێژینەوەکە :** ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە داییە:

**1.**زانینی ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی بازنەی سێیەم لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناو شاری کەلار بەشێوەیەکی گشتی.

**2.** زانینی ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی بازنەی سێیەم لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناو شاری کەلار بۆ هەریەك لە لێهاتووییەکانی (توانبێژی، نەرمی نواندن، ڕەسەنایەتی) بەجیا.

**3.**زانینی ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، بەپێی هەریەك لە گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت).

**5-1سنوری توێژینەوەکە :** دەتوانین سنووری توێژینەوەکە بەمانەی خوارەوە دەستنیشان بکەین :

1. سنوری بابەتی: لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەگرێتەوە کە نوێنەرایەتی دەکرێن لە ڕێگەی (توانبێژی، نەرمی نواندن، ڕەسەنایەتی)،و بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێن لە ڕووی پەیوەستیان بە بەرهەمهێنانی داهێنەرانەوە.

**2.** سنووری مرۆیی: پێکهاتووه له مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی بازنەی سێ لە قۆناغی بنەڕەتی.

**3.** سنووری شوێنی: قوتابخانە بنەڕەتیەکانی حکومی بازنەی سێیەمی ناو شاری کەلار دەگرێتەوە.

**4.** سنووری کاتی: وەرزی دووەم بۆ ساڵی خوێندنی (2024 -2025) لە خۆگرتووە.

**6-1زاراوەکانی توێژینەوەکە :**

**1.لێهاتووی:**

پێناسەی(Cottrell ,1999): چالاکیەکی فێربوونە دەتوانرێت پەرەی پێبدرێت لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی چالاکیەکانەوە و بە پاڵپشتی پرۆسەی فیدباکردن.هەر لێهاتوویەك لە لێهاتوویەکان پێکهاتووە لە کۆمەڵە لیهاتوویەکی بچووکتر، بوونی کەم وکورتی لە هەر لێهاتوییەکی لاوەکی کاریگەری دەکاتە سەر کوالێتی پراکتیزەکردنی گشتی.[4]

پێناسەی **(ریحان،2022)**: بریتییە لە ئەنجامدانی ئەرکێك یان چالاکیەك بە شێوەیەکی کاراو لێهاتووانە، بە بەکارهێنانی شێواز و ڕێکاری پێویست و دیاریکراو، ئەویش بەگرتنەبەری ئەوپەڕی ووردی و خێرای لە جێبەجێکردنی. [2]

***پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ لێهاتووی :** نیشاندانی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانە(نموونەی توێژینەوەکە)، بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان لە کاتی وانەوتنەوەدا بە شێوازێکی وورد و خێرا و بە پلەیەکی بەرز، کە دەکرێت لە ڕێگەی ئەو پێوەرەی کە توێژەران لە توێژینەوەکەدا ئامادەیان کردووە، تێبینی و پێوانە بکرێت.

**2.بیرکردنەوە:**

**پێناسەی (العتوم،2009)**: بیرکردنەوە لە سادەترین مانایدا نوێنەرایەتی زنجیرەیەك لە چالاکیە ئەقڵیەکان دەکات کە مێشك لە کاتی بەرکەوتنی بە وروژێنەرێك ئەنجامی دەدات، ئەویش دوای ئەوەی لە ڕێگەی یەکێك لە پێنج هەستەوەرەکانەوە وەری دەگرێت، یان بەمانای گەڕانە بە دوای مانادا لە بارودۆخ یان ئەزموونێکدا.[3]

**پێناسەی (قەرەچەتانی،2015)**: بریتییە لە زنجیرەیەك چالاکی ئەقڵی کە مێشك لە ئەنجامی وەرگرتنی وروژێنەرەکان لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە بەرهەمیان دەهێنێ.[4]

**پێناسەی توێژەران:**بە پرۆسەیەکی عەقڵی دادەنرێت کە تێیدا فێرخواز لەڕێگەی کارلێکە عەقڵییەکانی نێوان تاک و ئەو ئەزمونانەی بەدەستی دەهێنێ گەشە دەکات،بە ئامانجی گەشەپێدانی پێکهاتەی مەعریفی و گەیشتن بە گریمانە و پێشبینییەکان.

**3.بیرکردنەوەی داهێنەرانە:**

**پێناسەی (زبیدی، 2006)**: بریتییە لە پێکەوەنان و بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ یان گەیشتنە بە چارەسەرێکی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان.[5]

**پێناسەی (توفیق وشەمەی،2022): چالاکیەکی هزری ئاست بەرزو بەرهەم دارە، لە** ساتەوەختی ڕووبەڕوبونەوەی کێشەیەکی نادیار، یاخود لە کاتی هەوڵ و کۆشش بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکان بە هەڵسوکەوتی خاوەنەکەیەوە دەردەکەوێت. کە بە توانبێژی (الطلاقة)، نەرم و نیانی (المرونة)، ڕەسەنایەتی(الاصالة) جیادەکرێتەوە.[6]

***پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە:** جۆرێکە لە بیرکردنەوە جەخت دەکاتەوە لە سەر پرۆسە عەقلییەکانی (توانبێژی، نەرمی نواندن، ڕەسەنایەتی)، نوێنەرایەتی دەکرێن لە ڕووی مومارەسەکردن و لێهاتووی داهێنەرانە کە لە ئامرازی توێژینەوەکەدا هاتووە

و توانــاداری ماموّســتایانی (نمــوونەی تــوێژینەوەکە) دەردەخــات لە ڕووی پەرەپێــدانی بــۆ فێرخوازان.

**4.لێهاتووی بیرکردنەوەی داهێنەرانە :**

**پێناسەی (بنعلی،2005) :** بەرهەمێکی نوێ و ئامانجدارە لەگەڵ ئەوەشدا ئاراستەکەی بەرەو ئامانجێکی دیاریکراوە، بەکارهێنانی توانا ئەقڵیەکانە لە سەر پێکهێنانی پەیوەندیە نوێکان کە گۆڕانکاری لە واقیعدا دەهێنێتە ئاراوە لای فێرخوازان، کە لەبەرکردن و دەرخکردن تێ دەپەڕێنێت بۆ بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و هەڵێنجان پاشان ئەفراندن و داهێنان.(5)

**پێناسەی(خوالدة،2016):** پرۆسەی ئەقڵی تایبەتن بەمەبەست پراکتیزە دەکرێن لە چارەسەرکردنی داتا و زانیارییەکان،بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییە جۆراو جۆرەکان، بەیاد هێنانەوەی زانیاریەکان، وەسفکردنی شتەکان، پێشبینیکردنی ڕوداوەکان،چارەسەرکردنی کێشەکان، گەیشتن بە دەرئەنجامەکان پێکدێن لە لێهاتووی (توانبێژی،نەرمی نواندن،ڕەسەنایەتی) (2)

***پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ لێهاتووی بیرکردنەوەی داهێنەرانە :** بریتییە لە سەرجەمی ئەو نمرانەی کە ماموّستایانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن، ئەویش لە ڕێگەی ئەو فۆرمی تێبینیەی کە توێژەران وەك ئامرازی توێژینەوەکە ئامادەیانکردووە، بە مەبەستی پێوانەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی پراکتیزەکراو لە کاتی وانەوتنەوەدا.

**5.ماموّستا :**

**پێناسەی (عەزیز،2014):** هەڵسوڕێنەر و ڕێکخەر و ئاراستەکەری پرۆسەی فێرکردنە، خاوەنی چەندین لێهاتووی نواندن و پێشکەشکردن و پیشەی و ئاکاری زانستییە، لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندنگە و پرۆگرام و فێرخوازان و کۆی ژینگەی پەیوەندیدار بە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەکردنەوە.(3)

**پێناسەی (محمد و قاسم ،2023) :** فێرکار و توێژەر و بیرمەند و سەرپەرشتیارە لە سەر توێژینەوەی قوتابیان، ئەندامێکی چالاکە لە خزمەتی کۆمەڵگا، ڕێنمایکار و پەروەردکارە بۆ فێرخوازان.(4)

***پێناسەی توێژەران بۆ ماموّستا :** ئەو کەسەیە کە ئامادەکراوە لە ڕووی زانستی و دەروونی و پیشەیەوە بۆ پرۆسەی وانەوتنەوە، و ڕێکار و پێویستیەکانی پلاندانانی وانەوتنەوە و بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی پۆل لە وانەوتنەوەدا دەگرێتەبەر، هەروەها ئامانجەکانی پەروەردە بە فێرخوازان دەگەیەنێت.

**6.بابەتە کۆمەڵایەتیەکان :**

پێناسەی **(محمد,2012)** : سەرجەم بابەتەکانی مێژوو و جوگرافیا و پەروەردەیی نیشتمانی و فەلسەفەو کۆمەڵایەتی لە خۆدەگرێت، کە ماموّستایان لە قوتابخانەکاندا ئاراستەی فێرخوازانی دەکەن.(5)

پێناسەی **(محمد،2023)** : بریتییە لە کۆمەڵێك بیرۆکە و چەمك و مەبەست کە هەڵێنجراون لە زانستی کۆمەڵایەتی لە پێناو گەشەی زانست و ڕۆشنبیری و توانا و لێهاتووی و ئامانج و کێشەکانی فێلرخوازان کە لە ژیاندا ڕووبەڕوی دەبێتەوە (6)

***پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ بابەتە کۆمەڵایەتیەکان :** بریتییە لە بابەتەکانی مێژوو، جوگرافیا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) زاینی، بەو زانیاری و چەمک و ڕاستییە زانستیانە دەووترێت کە ڕێکخراون لە چوارچێوەی کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ فێرخوازان لە

پۆلەکانی(حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم) ی بنەڕەتی، کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بە پێی پێوەرە نیشتمانیەکان بۆ پرۆگرامی خوێندن ئامادەکراوە.

**2. بەشی دووەم :چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو :**

**2-1بیرکردنەوەی داهێنەرانە:**بریتییە لە پرۆسەیەکی عەقڵی دیاریکراو کە تاکەکان بە مەبەست پراکتیزەیان دەکەن لە پرۆسێسکردنی زانیارییەکان و فێربوونی ستراتیژە ڕوون و زانراوەکان لە خۆدەگرن کە پێکهاتوون لەم کارامەیانە (پەیوەندی،پێوانەکردن،بەستنەوە، بەراووردکردن،واقیع و خەیاڵ، توانیێژی، ڕیزبەندی، پێشبینیکردن، ڕاڤە و لێکدانەوە، درککردن بە هەڵەکان، دەرئەنجام، دەستنیشانکردنی ئامانجەکان، لێکچوون و جیاوازی، ڕەچاوکردنی بەدیلەکان، پۆلێنکردن، دۆزینەوەی کێشەکان، دوزینەوەی چارەسەر، بڕیاردان),ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی(الجلاد،2007) دەگونجێت، کە بەم شێوەیە پێناسەی کردووە، بریتین لە پرۆسیسە زهنیەکان کە پراکتیزە دەکرێن بە شێوەیەکی مەبەستدار لە کارلێککردن لەگەڵ زانیاریەکان و بارودۆخەکان، ئەم کارامەیانە بەشداری دەکەن لە کاراکردنی بیرکردنەوە، چونکە بیرکردنەوە پێویستی بە یەکگرتووی و بەستنەوەی هەندێک کارامەیی زهنی دیاریکراو هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک لە دۆخێکی دیاریکراودا،هەروەها ناسراون بە ئەو پرۆسیسە ئەقڵیانەی کە ئێمە بە مەبەستی کۆکردنەوە و پاراستن یان هەڵگرتنی زانیاری ئەنجامی دەدەین، لە ڕێگەی ڕێکارەکانی شیکردنەوە، پلاندانان، هەڵسەنگاندن و گەیشتن بە دەرئەنجامەکان یان ئەو پرۆسە ئەقڵییە تایبەتانەن کە بە مەبەست پراکتیزەی دەکەین لە پرۆسێسکردنی زانیاری و داتاکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییە جیاوازەکان لە پێناو بیرهێنانەوەی زانیاری،وەسفکردنی شتەکان،تێبینیکردن، پێشبینیکردن,هەڵسەنگاندنی بەڵگەکان،چارەسەرکردنی کێشەکان،گەیشتن بە دۆزینەوە و دەرئەنجامەکان[2]،توێژەران و پەروەردیاران ئاماژەیان بە سێ جۆری سەرەکی لە جۆرەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە کردوە ئەوانیش:

**1.توانیێژی (الطلاقة):** بە مانای فرە چەشنی بیرۆکەکان دێت، کە دەتوانرێت لەلایەن تاکەوە بخرێتەڕوو، واتە کەسی داهێنەر توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك لە بیرۆکەو سوود و هاو واتای دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

**2.نەرمی نواندن (المرونة):** توانای تاك دەردەخات بۆ گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەی بەپێی داخوازی هاتنە ئارای بارودۆخێك، واتە جۆراو جۆری و جیاوازی لە پرۆسەی بیرکردنەوە بە گرتنەبەری ڕێگا هەمە جۆرەکان بە شێوەیەك تاکەکان بیرکردنەوەکانیان کورت نەبێتەوە لە سەر بنەمای گرتنەبەری یەك جۆر لە ئاراستەکان بەڵکو تواناداربێت لە سەر ڕێکخستنی بیرۆکەکان و گۆڕانکاریکردن تیایدا بە ئاراستەی هەمەجۆری لە بیرکردنەوەکان.[3]

**3.ڕەسەنایەتی (الاصالة):** توانای تاکە لە بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ و نامۆ کە کەمترین دووبارەبونەوەی تیادا بێت، کە ئەمەش جیاوازە لە لێهاتووی بیرکردنەوەی توانیێژی و نەرمی نواندن لەو لایەنەی کە پەیوەست نیە بە چەندایەتی بیرۆکەکانەوە، بەڵکو بەندە بە کوالێتی و نوێگەری بیرۆکەکانەوە.[7]

**2-2 گرنگی فێربوون بە پشت بەستن بە لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:** لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە ئەو لێهاتوویانەن کە فێرخوازان لە ڕێگەیانەوە دەتوانن بیرۆکەکان بەرهەمبهێنن و ببانخەنەڕو و گریمانە ئەگەریەکانیش پێشنیار بکەن. هەروەها یارمەتی و پاڵپشتی خەیاڵکردن دەبن لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا و ئەویش بەمەبەستی گەڕان بە دوای ئەنجامی نوێی فێربوونی داهێنەرانە. گرنگی فێربوون بە پشت بەستن بە لێهاتووییەکانی بیرکردنەوە داهێنەرانە لەوەدایە کە هەموو تاکێک دەبێت بیر بکاتەوە بۆ ئەوەی فێر ببێت،

تێبگات و ئەوەی لێی تێدەگات لە ژیانیدا جێبەجێی بکات. بیرکردنەوە لای منداڵان لە تەمەنێکی زووەوە دەست پێدەکات، واتە لە منداڵیەوە دەست پێدەکات لە پرۆسەی پەروەردەکردنی ماڵەوە، پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی قوتابخانە. هەر منداڵێک کە لە ساڵانی سەرەتای تەمەنیدا چاودێری پێویست و گونجاو وەردەگرێت ئامادەیە لە یەکێک یان چەند بوارێکی جیاوازدا داهێنان بکات [2]، هەر لەم بارەیەوە(عبادة،2005)پێیوایە گۆڕانکارییە خێراکان و لێشاوی بێسنووری زانیاری لە سەردەمی ئێستاماندا داخوازی لە هەمووماندەکات بە شێواز و میتۆدی نوێ بیر بکەینەوە کە لەگەڵ ئەم گۆڕانکاری و پەرەسەندنانە بگونجێت کە ئاماژەیە بۆ پێویستییەکی بەپەلە بۆ داهێنان نەک تەنها لە سەر ئاستی تاک بەڵکو لە سەر ئاستی گشتیش [3] هەروەها (ريحان،2022) گرنگی فێرکردنی بە بەکارهێنانی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەچەند خاڵێکدا خستۆتەڕوو:
1.تواناداركردنی فێرخوازان لە سەر چارەسەرکردنی کێشەکان کە لە داهاتوودا ڕووبەڕویان دەبێتەوە. 2بڵاوکردنەوەی ڕەزامەندی و خۆشی و شادمانی لە دڵی فێرخوازاندا. 3. زیادکردنی کارایی و چالاکیەکانی فێرخوازان. 4.پەرەپێدانی توانای تاکەکان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە و بارودۆخە نوێ و گۆڕاوەکان و بیرۆکەی نوێ. 5. تێرکردنی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی فێرخوازان لە گەڕان و دۆزینەوە و ئەزموونەکان. 6.زیادبوونی بڕوابەخۆبوون لای فێرخوازان.[4]

**2-3. پاساوەکانی بوونی لێهاتووی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە پرۆگرامی خوێندندا :**

1.گۆڕینی پرۆسە عەقڵییەکان بۆ خوێندنی زیرەکی و داهێنان، هەروەها لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانەی کە توانای داهێنانی فێرخوازان بەرزدەکەنەوە،کە ئەمەش وەك ئامانجی دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆتە هۆی پەرەپێیدان بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

2.ئاراستەکان بەرەو بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەبێتە هۆی پێدانی شارەزای زیاتر لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا، کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دارشتنەوە و دۆزینەوەی چارەسەری نوێی داهێنەرانە بۆ کێشەکان.

3. ئەو پێشکەوتنە زانستییەی کە ئێمە لە سەردەمی خۆماندا ئەزموونی دەکەین، پاڵنەرمان دەبێت بۆ بنیاتنانی شارەزایی نوێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی سەردەم و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.[5]

**2-4. شێوازەکانی پەرەپێدان بە لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە نێو پۆلدا :**

1.دانانی پلانی وانەوتنەوەی کارا لەگەڵ دەستنیشانکردن و ڕوونی ئامانجەکانی وانەوتنەوە.
2.دابینکردنی ژینگەی نێو پۆل بە شێوازێك کە فێرخوازان بە ئازادی بیروبۆچونەکانیان دەرببڕن. 3.پەرەپێدانی لێهاتووییەکان بە بەکارهێنانی شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان و پێشخستنی 4.پەرەپێدان بە لێهاتووی گەڕان و بیرکردنەوەی زانستی و خوێندنەوەی داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە.
5.لەکاتی پرسیارکردن لە فێرخوازان ڕەچاوی ئاستە جیاوازەکان بکرێت.[8]

**2-5.ئاستەنگییەکانی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە نێو پۆلدا :**

1.بەکارهێنانی ڕێگاو شێوازە نەریتییەکان لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆڵی مامۆستا زیاتر لەنێو پۆلدا دەرکەوێت تاوەکو فێرخوازان لەگەڵ جەختکردنەوە لە سەر چەندایەتی ئەو بابەتەی کە فێری فێرخواز دەکرێت نەک کوالێتیەکەی.

2.لەکاتێکدا کە مامۆستا و لایەنی کارگێڕی مەیلیان بە ئاراستەی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە نەبێت لای فێرخوازان.

3.لاوازی توانای مادی وەك بەردەستنەبوونی هۆكار و ئامرازە فێركارییەكان، كەرەستەی خاوی پێویست بۆ پەرەپێدان بە بیركردنەوەی داهێنەرانە، بارودۆخی نێو پۆل بۆ دانیشتن و جێگا و كەرەستەكانیتر، هەندێ لایەنیتری پەیوەست بە قوتابخانە وەك نەبوونی تاقیگە، شوێنی وەرزشكردن،كەمی ژوور.(2)

**2-6توێژینەوەكانی پێشوو:** لەم بەشە گرنگترین ئەو توێژینەوانەی پێشوو كە لەم توێژینەوەیە نزیكن یان هاوشێوەن دەخەینەڕوو،هەروەك لەخشتەی ژمارە (1) خراونەتەڕوو:

خشتەی (1) توێژینەوەكانی پێشوو

| | |
|---|---|
| **توێژینەوەی یەكەم: ناونیشانی توێژینەوە** | ئاراستەی مامۆستایانی بابەتە كۆمەڵایەتیەكان بۆ پەرەپێدانی لێهاتوویەكانی بیركردنەوەی داهێنەرانە لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی بالا، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی عومانی سێیەم. |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدان و وولات | جمال عبدالفتاح العساف ،2013، شانشینی عەرەبی ئەردەن. |
| ئامانجی توێژینەوە | 1.بۆ زانینی ئاستی ئاراستەی مامۆستایان لە ڕووی پەرەپێدان بە لێهاتوویەكانی بیركردنەوەی داهێنەرانە بە شێوەیەكی گشتی. 2.دەرخستنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری ئاراستەیان بۆ پەرەپێدان بە لێهاتووی بیركردنەوەی داهێنەرانە بە پێی گۆڕاوەكانی(دەستكەوتی خوێندن، ساڵانی خزمەت). |
| نموونەی توێژینەوە | 133مامۆستا لە ناوچەی عوممانی سێیەم لە شانشینی ئەردەن بە نموونەی توێژینەوەكە وەرگیراون. |
| ڕێباز و ئامرازی توێژینەوە | ڕێبازی وەسفی شیكاری بەكارهێنرا، فۆرمی ڕاپرسی وەكو ئامرازی توێژینەوەكە بەكارهێنرا. |
| ئامرازە ئامارییەكان | ناوەندی شیاو، تاقیكردنەوەی (T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، هاوكۆلكەی ئەلفاكرونباخ. |
| دەرئەنجامەكانی توێژینەوە | 1.ئاراستەی مامۆستایان لە ڕووی پەرەپێدان بە لێهاتوویەكانی بیركردنەوەی داهێنەرانە بە شێوەیەكی گشتی پۆزەتیڤ بوو بە ئاستی بەهێز. 2.جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بە پێی گۆڕاوی (دەستكەوتی خوێندن) هەبوو، لە بەرژەوەندی ئەوانەی كە دەستكەوتی خوێندیان لە بەكالۆریۆس بەرزتر بوو، بۆ (ساڵانی خزمەت) بە هەمان شێوە، بۆ ئەوانەی كە ساڵانی خزمەتیان زیاتر بوو. |
| **توێژینەوەی دووەم: ناونیشانی توێژینەوە** | ئاستی بەكارهێنانی شێوازەكانی گەشەپێدانی لێهاتووی بیركردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی زمانی عەرەبی لە بازنەی سێیەمی قۆناغی فێركاری بنەڕەتی لە پارێزگای مەسقەت. |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدان و وولات | فاطمة بنت يوسف البوسعيدة و مريم بنت محمد البحري ،2016، سەڵتەنەی عومان. |
| ئامانجی توێژینەوە | 1.بۆ زانینی ئاستی بەكارهێنانی شێوازەكانی گەشەپێدانی لێهاتووی بیركردنەوەی داهێنەرانە بوو لای مامۆستایانی زمانی عەرەبی لە بازنەی سێیەمی قۆناغی فێركاری بنەڕەتی لە پارێزگای مەسقەت.<br>2. بۆ دەرخستنی ئاستی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لای نموونەی توێژینەوەكە، لە ڕووی هەریەكە لە گۆڕاوەكانی(ڕەگەز، ساڵانی خزمەت). |
| نموونەی توێژینەوە | 120مامۆستای زمانی عەرەبی بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتی لە پارێزگای مەسقەت لەخۆگرت. |
| ڕێباز و ئامرازی توێژینەوە | ڕێبازی وەسفی بەكارهێنرا، ئامرازەكە پێكهاتبوو لە فۆرمی ڕاپرسی و 40 بڕگەی لە خۆگرت. |

| | |
|---|---|
| ئامرازە ئامارییەکان | ناوەندی شیاو،تاقیکردنەوەی(T.test)بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ،هاوکۆڵکەی پیرسۆن وئەلفاکرونباخ |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | 1.ئاستی بەکارهێنانی شێوازەکانی گەشەپێدانی لێهاتووی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی زمانی عەرەبی لە بازنەی سێیەمی قۆناغی فێرکاری بنەڕەتی لە پارێزگای مەسقەت، لە ئاستێکی بەرزدا بوو. 2. نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لای نموونەی توێژینەوەکە لە ڕووی هەریەکە لە گۆڕاوەکانی(ڕەگەز، ساڵانی خزمەت). |
| **توێژینەوەی سێیەم: ناونیشانی توێژینەوە** | ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتوویەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدان و وولات | أبوجربيان تهاني فواز ، 2018، ئوردن |
| ئامانجی توێژینەوە | 1.بۆ زانینی ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتوویەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی. **2**.بۆ زانینی ئاستی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0,05) لای نموونەی توێژینەوەکە لە ڕووی هەریەکە لە گۆڕاوەکانی(ڕەگەز، ساڵانی خزمەت). |
| نموونەی توێژینەوە | 45 مامۆستای بۆ هەردوو ڕەگەز لە خۆگرت، کە بە شێوەیەکی هەرەمەکی هەڵبژێردران و سەر بە بەڕێوەبەراتی پەروەردەی قەزای شونە بوون لە وولاتی ئوردن. |
| ڕێباز و ئامرازی توێژینەوە | ڕێبازی وەسفی بەکارهێنرا،ئامرازەکە پێکهات لە فۆرمی تێبینیکردن و 36 بڕگەی لە خۆگرت. |
| ئامرازە ئامارییەکان | ناوەندی شیاو، تاقیکردنەوەی (T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، هاوکۆڵکەی پەیوەستی پیرسۆن، هاوکۆڵکەی هۆلستی، شیتەڵکردنەوەی جیاوازییە یەکیەکان(تحليل التباين الاحادى). |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | 1.ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتوویەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ئاستی ناوەندا بوو ، بواری نەرمی نواندن ڕیزبەندی یەکەم و بواری توانیێژی ڕیزبەندی دووەم و بواری ڕەسەنایەتی ڕیزبەندی سێیەمی گرتبوو. 2.جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0،05) هەبوو لای نموونەی توێژینەوەکە لە ڕووی هەریەکە لە گۆڕاوەکانی(ڕەگەز، ساڵانی خزمەت)، لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ و ئەوانەی کە خزمەتیان لە دە ساڵ زیاتر بوو. |
| **توێژینەوەی چوارەم: ناونیشانی توێژینەوە** | بۆچوونی مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتیەکان دەربارەی پراکتیزەکردنی لێهاتوویەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لایان. |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدان و وولات | **Erdem and Adiguzel، 2019، تورکیا.** |
| ئامانجی توێژینەوە | بۆ زانینی ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتوویەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە ڕوانگەیانەوە. |
| نموونەی توێژینەوە | 421 مامۆستای قوتابخانە بنەڕەتیەکان بوو لە قەزاکانی میرکەزفەندی و باموکالی سەر بە پارێزگای دنیزلی لە تورکیا |
| ڕێباز و ئامرازی توێژینەوە | ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێنرا، ئامرازی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە فۆرمی ڕاپرسی. |
| ئامرازە ئامارییەکان | ناوەندی شیاو، تاقیکردنەوەی (T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، هاوکۆڵکەی ئەلفاکرونباخ. |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | پراکتیزەکردنی لێهاتوویەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە ڕوانگەیانەوە لە ئاستی لاوازدا بوو. |

| توێژینەوەی پێنجەم: ناونیشانی توێژینەوە | واقیعی پراکتیزەکردنی لێهاتوویی‌یەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی پۆلە سەرەتاییەکان و ئاراستەیان بۆ بەکارهێنانیان. |
|---|---|
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدان و وولات | مارية عبدالله الشمري و منصور بن مزعل العنزي ،2023،شانشینی عەرەبی سعودیە. |
| ئامانجی توێژینەوە | 1.بۆ زانینی واقیعی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی. 2.دەرخستنی ئاستی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0،05) لای نموونەی توێژینەوەکە،بەپێی هەریەکە لە گۆڕاوەکانی(ڕەگەز، دەستکەوتی خوێندن، ساڵانی خزمەت). |
| نموونەی توێژینەوە | 41 مامۆستا لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی حکومی لە شاری تەبوك بە نموونە وەرگیران. |
| ڕێباز و ئامرازی توێژینەوە | ڕێبازی وەسفی بەکارهێنرا، ئامرازەکە لە فۆرمی تێبینیکردن بەکارهێنراو 30 بڕگەی لە خۆگرت. |
| ئامرازە ئامارییەکان | ناوەندی شیاو، شیتەڵکردنەوەی جیاوازیە یەکییەکان،تاقیکردنەوەی(T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | 1.واقیعی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای نموونەی توێژینەوەکە بۆ هەریەك لە بوارەکانی (توانیێژی، نەرمی نواندن، ڕەسەنایەتی) بەگشتی لە ئاستی بەرزدا بوو. 2.نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ڕووی هەریەکە لە گۆڕاوەکانی(ڕەگەز،دەستکەوتی خوێندن، ساڵانی خزمەت). |

**2-7 بەراووردی نێوان توێژینەوەکانی پێشوو و توێژینەوەی ئێستا:** لێرەدا توێژەران بەراووردی نێوان توێژینەوەکانی پێشوو و توێژینەوەی ئێستایان خستۆتەڕوو، لەڕووی هەریەکە لە ڕێبازو شوێنی ئەنجامدان و ئامانج و نموونە و ئامراز و قۆناغی توێژینەوە، هەروەك لە خشتەی ژمارە (2) دا هاتووە:

خشتەی ژمارە(2) بەراووردی نێوان توێژینەوەکانی پێشوو و توێژینەوەی ئێستا

| توێژینەوەکان | ڕێبازی توێژینەوە | شوێن | ئامانجی توێژینەوەکە بۆ زانینی | نموونەی توێژینەوە | ئامرازی بەکارهێنراو | قۆناغی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. جمال عبدالفتاح العساف2013 | وەسفی شیکاری | ئەردەن | ئاراستەی مامۆستایان بوو لەڕووی پەرەپێدان بە لێهاتوویی بیرکردنەوەی داهێنەرانە. | 136 مامۆستا | فۆرمی ڕاپرسی | قۆناغی بنەڕەتی |
| 2.فاطمة بنت يوسف البوسعيدة و مريم بنت محمد البحري 2016 | وەسفی | سەڵتەنەی عوممان | ئاستی بەکارهێنانی شێوازەکانی گەشەپێدانی لێهاتووی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بوو. | 126 مامۆستا | فۆرمی ڕاپرسی | قۆناغی بنەڕەتی |
| 3.أبوجريبان تهاني فواز 2018 | وەسفی | ئەردەن | بۆ زانینی ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بوو. | 45 مامۆستا | فۆرمی تێبینی | قۆناغی بنەڕەتی |
| 4.Erdem and 2019Adiguzel | وەسفی شیکاری | تورکیا | ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بوو. | 421 مامۆستا | فۆرمی ڕاپرسی | قۆناغی بنەڕەتی |
| 5. مارية عبدالله الشمري و منصور بن مزعل العنزي 2023 | وەسفی | سعودییە | واقیعی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بوو. | 41 مامۆستا | فۆرمی تێبینی | قۆناغی بنەڕەتی |
| توێژینەوەی ئێستا | وەسفی شیکاری بەکارهاتووە | هەرێمی کوردستان -عیراق | ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بوو. | 46 مامۆستا | فۆرمی تێبینی بەکارهاتووە | قۆناغی بنەڕەتی |

**2-8لایەنەکانی سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشووتر:** توێژەران توانیان سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرن لەڕووی هەریەکە لەمانەی خوارەوە: 1. سوود بینین لە دەستنیشانکردنی کێشەو گرنگی توێژینەوەکە. 2.دەستنیشانکردنی ڕێباز و نموونەی توێژینەوەکە. 3.ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە. 4.هەڵبژاردنی ئامرازە ئامارییە گونجاوەکان بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە. 5.هەروەها سوود وەرگرتن لێیان لەڕووی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

**3.بەشی سێیەم/ڕێکارەکانی توێژینەوەکە :**

**1-3. ڕێبازی توێژینەوەکە :** ڕێبازی وەسفی شیکاری لەم توێژینەوەیەدا پەیرەوکراوە، چونکە ئەم ڕێبازە لێکۆڵینەوە لە دیاردە جیاوازەکان دەکات، کە ئەمەش دەگونجێ لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە ئەویش لەسەر بنەمای زانینی ڕادەی بەکارهێنانی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناو شاری کەلاردا.

**2-3.کۆمەڵگای توێژینەوەکە :** کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە مامۆستایانی ڕەگەزی (نێر،مێ) کە بابەتەکۆمەڵایەتیەکان دەڵێنەوە لە پۆلەکانی(7، 8، 9) بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان، لە ناو شاری کەلار بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025) زاینی کە ژمارەیان(134) مامۆستایە. لەو ژمارەیەش (87) ڕەگەزی نێر و (47) ڕەگەزی مێیە.

**3-3.نموونەی توێژینەوەکە :** توێژەران هەستان بە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سادە کە (46) مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتیەکان کە وانەی (7، 8، 9)یان دەگوتەوە، کە زۆربەی گەڕەك و شوێنە جوگرافیەکانی ناو شاری کەلاری لە خۆبگرێت. لەڕووی ڕەگەزەوە(28) لە ڕەگەزی نێر و (18)یان لە ڕەگەزی مێ بوون، لەڕووی دەستکەوتی خوێندنەوە (3) مامۆستایان دبلۆم و (43)یان بکالۆریۆسیان هەبوو، لەڕووی ساڵانی خزمەتەوە (15) مامۆستا (11-15) ساڵ خزمەتیان هەبوو، (24) مامۆستاش (16-20)ساڵ خزمەتیان هەبوو،(7) مامۆستاش (21) ساڵ زیاتر خزمەتیان هەبوو.

**4-3.ئامرازی توێژینەوەکە :** مەبەست لێی ئەو شێواز و ئامراز و ڕێگایانەیە کە توێژەران لە ڕێگەیانەوە دەتوانن گرفتەکان چارەسەر بکەن، هەڵبژاردنی ئامرازیش بۆ هەر توێژینەوەیەك ڕێکارێکی زانستییە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە و دەبێت لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەدا بگونجێت، توێژەران بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکانی توێژینەوەکە هەستان بە بەکارهێنانی ئامرازی تێبینی کردن. کە (مزاهرە،2011) پێی وایە ئامرازی تێبینی کردن بریتیە لە پرۆسەی چاودێریکردن و بینینی ڕەفتاری دیاردەکان و کێشە و ڕووداوەکان لەگەڵ پێکهاتە مادیی و ژینگەی و بە دواداچوونەکان ئەویش بە مەبەستی پەرەپێدانەکان و ئاراستە و پەیوەندییەکانیان بەگرتنەبەری ڕێگای زانستی و ڕێکخراو و پلان بۆدانراو، ئەمەش بە مەبەست و ئامانجی ڕاڤەو لێکدانەوە و دەستنیشانکردنی پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕاوەکان و پێشبینیکردنی ڕەفتاری دیاردەکە و ئاراستەکانی بۆ خزمەتکردنی پێداویستیەکانی مرۆڤایەتی و دابینکردنی پێداویستیەکان[9]، هەروەها (کبیسی،2009) پێی وایە کە تێبینیکردن ئامرازێکی بەکارهێنراوی تایبەتە لە توێژینەوە مەیدانیەکاندا و بە هۆیەوە توێژەر زیاتر پەیوەست دەبێت بە بابەتی توێژینەوەکەیەوە[2]، توێژەران بە پشت بەستن بە چاوپێکەوتن و سەرنجدانی بەشێك لە مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە قۆناغی بنەڕەتی و پێداچوونەوە بە کۆمەڵێك لە سەرچاوە و توێژینەوەی ناوخۆی و عەرەبی و بیانیەکان کە دەربارەی بابەتی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بوون،بە تایبەت هەریەك لە توێژینەوەکانی(العساف،2013)، (عبادی،2020)،

(البوسعيدی و البحری،2019)،(الترکی و نشوان،2021)،(الشمری،2023) توانیان ئامرازێك ئامادە بکەن بەشێوەیەکی سەرەتای و دوو تەوەریشی لەخۆگرت، تەوەری یەکەم هەندێك زانیاری تایبەت بە مامۆستایانی لە خۆگرتبوو کە ئەوانیش(جۆری ڕەگەز، دەستکەوتی خوێندن، ساڵانی خزمەت) تەوەری دوەمیش کۆمەڵێك بڕگەی لە خۆگرت کە ژمارەی بڕگەکانیش (51) بڕگە بوون دابەشبوون بەسەر سێ بواردا، ئەوانیش بواری توانبێژی(الطلاقة) (17) بڕگە و بواری نەرمی نواندن (المرونة) (17) بڕگە و بواری ڕەسەنایەتی (الاصالة) (17) بڕگە.

**5-3.ڕاستێتی و دروستی ئامرازەکە (فۆرمی تێبینیکردن) :** ڕاستێتی لە توێژینەودا بابەتێکی گرنگ و جەوهەریە و واتە ڕاستێتی پێوەر مانای ئەوەیە کە بەڕاستی پێوانەی ئەو بابەتە دەکات کە لە بنەڕەتدا لەپێناویدا دانراوە، کەواتە دەبێت تێست و ئەزموونی فێرکردن ئەو شتانە بپێوێ، کە بۆ پێوانەکردنیان ئامادەکراوە. هەروەها جگە لەو ئامانجانەی ڕەچاوکراون، هیچ ئامانجێکی دیکە نەپێوێ پسپۆر و شارەزای بوارەکە دەدرێت، بۆئەوەی ڕای خۆیان لەسەر بڕگەو تەوەرەکانی ئەو ئامرازە دەرببڕن[(3)]، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران پێوانەکەیان خستە بەردەست کۆمەڵێك لە شارەزاو پسپۆری بوارەکانی (پەروەردە و دەروونزانی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و تەکنۆلۆژیای فێرکاری) ، دوای دەربڕینی ڕاوبۆچوونی شارەزایان دەربارەی فۆرمی تێبینی ئامادەکراو کە (51) بڕگە بوو بە شێوەیەکی سەرەتای، پاش وەرگرتنی بۆچونی (9/7) پسپۆران واتە بە ڕێژەی (77%) بە نزمترین نمرەی ڕەزامەندبوون لە سەر بڕگەکان دەستنیشانکرا، سەبارەت بە ڕێکەوتنی پسپۆرو شارەزایان دەربارەی بڕگەکانی پێوەرێك بلوم پێی وایە کاتێك ڕێژەی ڕێکەوتنی پسپۆران لە 75% یان زیاتر بێت دەتوانرێت ئەو پێوەرە هەژمار بکرێت لە ڕووی مەرجی ڕاستگۆی ڕواڵەتیەوە، بەم شێوەیەش پاش پێداچوونەوەی پسپۆران(12) بڕگە ڕێژەی ڕەزامەندبوون لە سەریان خوار (77%) بوون و لابران، لە کۆتای دا (39) بڕگە مانەوە و پێوەرەکانی وەڵامدانەوەی بڕگەکانیش کە زۆرینەی پسپۆران لە سەری ڕەزامەندبوون بەم شێوەیە دەستنیشانکرا،کە لە خشتەی (3) دا خراوەتەڕوو :

خشتەی (3) پێوەرەکانی وەڵامدانەوەی بڕگەکان لای نموونەی توێژینەوەکە

| پراکتیزەکردنی لێهاتووی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە بە ئاستی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زۆربەهێز | بەهێز | ناوەند | لاواز | زۆرلاواز |
| 5 نمرە | 4 نمرە | 3 نمرە | 2 نمرە | 1 نمرە |

**6-3 جێگیری ئامرازەکە (فۆرمی تێبینیکردن) :** بۆ دیاریکردنی جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە توێژەران پەیڕەویان لە شێوازی ڕێککەوتنی دوو تێبینەر (طریقە اتفاق الملاحظین)کرد,.کە ئەمەش شێوازێکی گونجاوە و تاڕادەیەک لە ڕێگەکانی دیکە باوترە، تیادا دوو تێبینەر یان زیاتر لە یەک کاتدا تێبینی ڕەفتار و لێهاتوویەکانی تێبینیکراو دەکەن بە بەکارهێنانی هەمان فۆرمی تێبینی, هەر بۆ ئەم مەبەستەش توێژەری یەکەم وەك تێبینەری یەکەم و یەکێك لە پسپۆری دەروونناسی پەروەردەیان بە پلەی مامۆستای یاریدەدەر هەڵبژارد وەك تێبینەری دووەم, پاش وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی سەبارەت بە بەشداریکردنی لەم ئەرکە لەگەڵ پێدانی ڕێنمای دەربارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی فۆرمی تێبینی ئامادەکراو, و پاش دڵنیابوون لە توانای تێبینەر, لە بەروارەکانی (24, 25, 3/26) و بەرواری حەوتی مانگی چوار (4/7) لە ماوەی چوار ڕۆژدا هەستان بە ئەنجامدانی دووجار سەردانیکردن بۆ (10) مامۆستا لە چوار قوتابخانەی جیاواز لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوەکە, کە سەر بە کۆمەڵگای توێژینەوەکە بوون. بۆ دەرهێنانی جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە, هەردوو تێبینەر لە کاتی هەڵسەنگاندنی هەر مامۆستایەك بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بەپشت بەستن بە فۆرمی تێبینی ئامادەکراو چوونە نێو پۆلی خوێندن و

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

تاكو كۆتای وانەكە مانەوە و پرۆسەی هەڵسەنگاندنیان ئەنجامدا. پاش كۆتایهێنانی پرۆسەی سەردانیكردن, توێژەران بۆ هەژماركردنی پەیوەندی لە نێوان نمرەی گشتی تێبینەری یەكەم و تێبینەری دووەم هاوكۆڵكەی پەیوەستی پیرسۆن(معامل الارتباط) بەكارهێنرا، كە بەهای گشتی جێگیری ئامرازەكە **(0,859)**بوو بۆ هەرسێ بوارەكە پێكەوە، كە ئەمەش بە ئاستێكی گونجاو هەژمار دەكرێت لە رووی بە دەستهێنانی جێگیرییەوە. هەروەك لە خشتەی ژمارە (4) دا خراوەتەڕوو :

خشتەی ژمارە (4) بەهای گشتی جێگیری ئامرازەكە بۆ هەرسێ بواری توێژینەوەكە

| ژمارە | بوار | بەهای جێگیری | بەهای جێگیری گشتی ئامرازەكە |
|---|---|---|---|
| 1 | توانبێژی(الطلاقة) | 0,87 | 0,856 |
| 2 | نەرمی نواندن(المرونة) | 0,84 | |
| 3 | ڕەسەنایەتی(الاصالة) | 0,87 | |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (4) بۆمان دەردەكەوێت كە بەهای جێگیری بواری توانبێژی بریتیە لە (0,87)، بواری نەرمی نواندن(0,84) و هەروەها بواری ڕەسەنایەتی بریتییە لە (0,87)، بەهای گشتی جێگیری هەر سێ بوارە پێكەوە بریتییە لە (0,856)، كە ئەمەش بە ئاستێكی گونجاو هەژمار دەكرێت پەیوەست بە بواری جێگیری ئامرازی توێژینەوە.

**7-3 پەیوەندی بڕگەكان بەنمرەی گشتی پێوەرەكە و گونجاوی ناوەكی (الاتساق الداخلي)**

***مەودای پەیوەندی بڕگەكان بە نمرەی گشتی پێوەرەكەوە (مدى علاقة المؤشرات بالدرجة كلية للمقياس ):** بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕێكخستنی نێوان بڕگەكان و نمرەی گشتی پێوەرەكە توێژەران هەستان بە دەرهێنانی هاوكۆڵكەی ڕێكخستن و گونجاوی (معامل الاتساق) بۆ سەرجەم بڕگەكانی توێژینەوەكە پێكەوە، هەروەك لە خشتەی ژمارە (5) خراوەتەڕوو :

| بوارەكان | ژمارەی بڕگەكان | هاوكۆڵكەی پەیوەستی | ژمارەی بڕگەكان | هاوكۆڵكەی پەیوەستی | ژمارەی بڕگەكان | هاوكۆڵكەی پەیوەستی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1.بواری توانبێژی (الاطلاقة) | 1 | 708،0 | 5 | 743،0 | 9 | 742،0 |
| | 2 | 812،0 | 6 | 810،0 | 10 | 784،0 |
| | 3 | 822،0 | 7 | 734،0 | 11 | 755،0 |
| | 4 | 694،0 | 8 | 764،0 | 12 | 819،0 |
| | | | | | 13 | 764،0 |
| 2.نەرمی نواندن (المرونة) | 1 | 738،0 | 5 | 684،0 | 9 | 866،0 |
| | 2 | 822،0 | 6 | 748،0 | 10 | 779،0 |
| | 3 | 688،0 | 7 | 654،0 | 11 | 838،0 |
| | 4 | 832،0 | 8 | 814،0 | 12 | 884،0 |
| | | | | | 13 | 792،0 |
| 3.بواری ڕەسەنایەتی (الاصالة) | 1 | 758،0 | 5 | 782،0 | 9 | 694،0 |
| | 2 | 744،0 | 6 | 736،0 | 10 | 741،0 |
| | 3 | 864،0 | 7 | 864،0 | 11 | 873،0 |
| | 4 | 826،0 | 8 | 668،0 | 12 | 670،0 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | 13 | 638،0 |
| بەهای r خشتەی 0,602 لەسەر ئاستی ئاماژەداری 0.05 | | | | | | | |

**خشتەی ژمارە(5) مەودای پەیوەندی برگەکان بە نمرەی گشتی پێوەرەکەوە ( سەرجەم برگەکان)**

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (5) بۆمان دەردەکەوێت کە سەرجەم برگەکان ئاماژەداری ئاماریان هەیە بە نمرەی گشتی پێوەرەکە لە سەر ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0,05)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئامرازەکە ڕاستێتی بەرزی هەیە لە ڕووی پەیوەستی برگەکان بە نمرەی گشتی پێورکە.

***مەودای پەیوەندی نمرەی گشتی بوارەکان لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە :** لێرەدا توێژەران هەستاون بە دەرخستنی پەیوەندی نێوان نمرەی گشتی بوارەکان لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرکە، هەروەك لە خشتەی ژمارە (6) دا خراوەتەڕوو :

خشتەی ژمارە (6) مەودای پەیوەندی نمرەی گشتی بوارەکان لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرکە

| ژمارە | بوارەکان | پەیوەندی نمرەی بوار بە نمرەی گشتی پێوەرکە |
|---|---|---|
| **1** | توانبێژی(الطلاقة) | 889،0 |
| **2** | نەرمی نواندن(المرونة) | 822،0 |
| **3** | ڕەسەنایەتی(الاصالة) | 776،0 |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (6) بۆمان دەردەکەوێت کە سەرجەم بەهاکانی پەیوەستی برگەکان بۆ نمرەی گشتی بوارەکان لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە ئاماژەداری ئاماریان هەیە، ئەمەش ئاماژەییە بۆ ئەوەی کە ئامرازەکە ڕاستێتی بەرزی هەیە لە ڕووی پەیوەستی بوارەکان بە نمرەی گشتی پێوەرکە.

**3-8 ئەنجامدانی ئامرازەکە (فۆرمی تێبینی) بە سەر نموونەی توێژینەوەکەدا :** توێژەران پاش دەرهێنانی ڕاستێتی و جێگیری ئامرازەکە، دواتر هەستنان بە جێبەجێکردنی ئامرازەکە بە سەر نموونەی توێژینەوەکە لە بەرواری (2025/4/13) تاوەکو (2025/5/13)، کە بریتی بوون لە (46) مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتیەکان پۆلی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناو شاری کەلار. هەریەك لە توێژەران بە جیا و بۆ ماوەی دووجار سەردانی کۆمەڵێك لە مامۆستایانیان کرد، کە بە نموونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردران و سەرەتای سەردانیکردنی هەر مامۆستایەك هەر یەك لە توێژەران تاوەکو کۆتای وانەکە لەگەڵ مامۆستای بابەت مانەوە و هەڵسەنگاندیان بۆ مامۆستایان ئەنجامدا بە پشت بەستن بە فۆرمی تێبینی ئامادەکراو.

**3-9. ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان لە توێژینەوەکەدا :**

1.هاوکۆلکەی پەیوەستی پیرسۆن: بۆ دۆزینەوەی جێگری ئامرازی توێژینەوەکە بەکار هێنرا.

2. ناوەندی شیاو (الوسط المرجح): بۆ ژماردنی هێزی برگەکان، یەك نمرە دراوە بە ئەلتەرناتیڤی یەکەم (زۆر لاواز)، دوو نمرە بە ئەلتەرناتیڤی دووەم (لاواز)، سێ نمرە بە ئەلتەرناتیڤی سێیەم (ناوەند)، چوار نمرە بە ئەلتەرناتیڤی چوارەم (بەهێز) پێنج نمرە بە ئەلتەرناتیڤی پێنجەم (زۆر بەهێز).

ناوەندی شیاو= (ت1×1)، (ت2×2)، ( ت3×3 ) ، (ت4×4 )، (ت5×5)
مج ت

3.ناوەندە ژمێرەی: بۆ دەرهێنانی ئەنجامی بوار و برگەکانی فۆرمی تێبینیکردن بەکار هێنرا.

4.شیتەڵکردنەوەی جیاوازییە یەکییەکان: بۆ دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵەکان لە رووی ساڵانی خزمەت بەکارهێنرا .

**4.بەشی چوارەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاڤەکردنیان :** بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە کاتی وانەوتنەوەدا، دەستنیشانی نمرەی ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەکرا، نمرەی برگەکانیش لە پێوەرەکەدا بەم شێوەیە بوو, ژمار (5) بۆ (زۆر بەهێز)، ژمارە (4) بۆ (بەهێز)، ژمارە (3) بۆ (ناوەند)، ژمارە (2) بۆ (لاواز ) ژمارە (1) بۆ (زۆر لاواز )، بە دیاریکراوی کێشی برگەکانیان بەم شێوەیە دیاریکرا، مەودا =5- 1=4 ، کێشی ناوەندی = 5÷4=0,80، کە ئەمەش بووە هۆی دابەش بوونی مەودایی ناوەندی بۆ وەڵامی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەك لە خشتەی (7) خراوەتەڕو:

خشتەی ژمارە (7)، ناوەندی کێشی ڕێژەی بۆ وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی پێوەری لیکەرتی پێنجی

| نمرە | پێوەری بڕیاردان لە سەر ئەنجامەکان | فیئەی ناوەندی | |
|---|---|---|---|
| 5 | زۆربەهێز | 5 | 21،4 |
| 4 | بەهێز | 20،4 | 41،3 |
| 3 | ناوەند | 40،3 | 61،2 |
| 2 | لاواز | 60،2 | 81،1 |
| 1 | زۆرلاواز | 180 | 1 |

**1- 4سەبارەت بە ئامانجی یەکەم کە دەقەکەی بەم شێوەییە " زانینی ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی بازنەی سێیەم لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناو شاری کەلار بەشێوەیەکی گشتی".** لێرەدا تێکرای ناوەندی شیاو بۆ ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەستنیشانکرا لەگەڵ ئاستی هەر بوارێك و ڕیزبەندی بوارەکانی توێژینەوەکە.هەروەك لە خشتەی (8) دا خراوەتەڕوو :

خشتەی (8) ناوەندی شیاوی گشتی و ئاستی پراتیزەکردن و ڕیزبەندی هەر بوارێك لە بوارەکانی ئامرازی توێژینەوەکە

| ژ | بوارەکان | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاستی پراکتیزەکردن | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بواری توانبێژی (الطلاقة) | 3,11 | 2,29 | ناوەند | 1 |
| 2 | بواری نەرمونیانی (المرونة) | 2,98 | 2,46 | ناوەند | 2 |
| 3 | بواری ڕەسەنایەتی (الاصالة) | 2,58 | 1,99 | لاواز | 3 |
| ناوەندی شیاوی گشتی هەر سێ بوارەکە | | 2,89 | 2,24 | ناوەند | / |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (8)، دەبینین ناوەندی شیاوی گشتی بۆ هەر سێ بواری ئامرازی توێژینەوەکە بریتییە لە(2،89) کە لە ئاستی ناوەندیدایە، بەلادانی پێوەری گشتی کە بریتیە(2,24)، ئەمەش هاوڕاییە لەگەڵ دەرئەنجامی توێژینەوەی (ابوالجريبان،2018)کە لە ئاستی ناوەنددایە، هەروەها پێچەوانەیە لەگەڵ دەرئەنجامی هەریەك لە توێژینەوەکانی

(العساف،2013) و (البوسعيدي و البحري ،2016) و (الشمری،2023) كه له ئاستێكی بەهێزدا بوون. پێچەوانەی توێژینەوەی ( Erdem and Adiguzel,2019 ) كە دەرئەنجامی توێژینەوەكە لە ئاستی لاوازدا بوو.

**2-4سەبارەت بە ئامانجی دووەم كە دەقەكەی بەم شێوەییە " زانینی ئاستی پراكتیزەكردنی لێهاتووییەكانی بیركردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی بابەتە كۆمەڵایەتیەكانی بازنەی سێیەم لە قوتابخانە بنەڕەتیەكانی ناو شاری كەلار بۆ هەریەك لە لێهاتووییەكانی (توانبێژی،نەرمی نواندن،ڕەسەنایەتی) بەجیا "** كە بەم شێوەیە هەریەك لە بوارەكان دەخەینەڕوو:

**1.بواری توانبێژی(الطلاقة):** ئەم بوارە لە (13) بڕگە پێكهاتووە، لە خشتەی ژمارە (9) خراوەتەڕوو، ناوەندی شیاوی گشتی بڕگەكانی ئەم بوارە بریتییە لە (3,12) و لادانی پێوەری گشتی (2,29)، كە ئەمەش ئاماژەییە بۆ ئەوەی كە دەرئەنجامی گشتی ئەم بوارە لە ئاستی ناوەنددایە. هەروەك لە خشتەی (13) خراوەتەڕوو:

خشتەی (9) ناوەندی شیاو لادانی پێوەری و دەسنیشانكردنی ئاستی هەر بڕگەیەك لە بڕگەكانی بواری توانبێژی لای نموونەی توێژینەوەكە. (نموونە=46)

| ژ | بڕگە | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاستی پراكتیزەكردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەو پرسیارانە دەكات كە چەندین وەڵام لە خۆدەگرت بەمەبەستی وروژاندنی بیركردنەوەی فێرخوازان . | 3,64 | 4,12 | بەهێز |
| 2 | هانی فێرخوازان دەدات بۆ ئەوەی بیرۆكەكانی خۆیان بەشێوازی تایبەتی خۆیان بنوسن. | 3,49 | 2,95 | بەهێز |
| 3 | پرسیاری كراوە بەكاردەهێنێت بۆ پەرەپیدان بە توانا داهێنەرەكانی فێرخوازان. | 3,37 | 4,18 | ناوەند |
| 4 | دەرفەت بە فێرخوازان دەدات بە مەبەستی دۆزینەوە و پرسیاركردن لە خود. | 3,32 | 2,16 | ناوەند |
| 5 | داخوازیكردن لە فێرخوازان كە ژمارەییەك لە هاو واتای چەمكێك بخەنەڕوو. | 3,27 | 2,58 | ناوەند |
| 6 | یارمەتی فێرخوازان دەدات كە نموونەی نوێ بەكاربهێنن لە كاتی پێشكەشكردنی بیرۆكەكانیان. | 3,20 | 1,72 | ناوەند |
| 7 | پشتگیری لە فێرخوازەكان دەكات بۆ گەڕان بە دوای چەندین سەرچاوەی زانیاری لەسەر بابەتەكە. | 3,14 | 1,42 | ناوەند |
| 8 | فێرخوازان ئاراستە دەكات بۆ پەرەپێدان بە گرتنەبەری شێوازی چارەسەری پوخت. | 2,98 | 33،1 | ناوەند |
| 9 | هانی فێرخوازان دەدات لە ماوەیەكی دیاریكراودا زۆرترین بیرۆكە بە دەستبهێنن. | 2,92 | 1,12 | ناوەند |
| 10 | ڕێنمایی فێرخوازەكان دەكات بۆ گەڕان بە دوای ڕێگەی جیاواز بۆ چارەسەركردنی كێشەیەك. | 2,88 | 1,48 | ناوەند |
| 11 | هانی فێرخوازان دەدات كە جیاوازییە تاكەكسییەكانیان وەک ڕێگەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی بیرۆكە جۆراوجۆرەكان بخەنەڕوو. | 2,82 | 1,54 | ناوەند |
| 12 | ئەو ڕێگاو ستراتیژانە لە وانەوتنەوەدا بەكاردەهێنێت كە دەكەونە ژێر ڕۆشنای شێوازە جۆراو جۆرەكانی بیركردنەوە.. | 2,76 | 2,40 | ناوەند |
| 13 | هانی فێرخوازان دەدات بۆ دیزاینكردن و وێنەكێشانی كۆمەڵێك شێوە بە خێرای و لە كاتێكی دیاریكراودا. | 2,71 | 2,77 | ناوەند |
| | ناوەندی شیاوی گشتی بواری توانبێژی | 3,11 | 2,29 | ناوەند |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە(9)، بۆمان دەردەكەوێت كە ناوەندی شیاوی گشتی بوارەكە بریتییە لە (3,12) و لادانی پێوەری گشتی بوارەكەش بریتییە لە (2,29)، كە ئەمەش لە ئاستی ناوەنددایە. سەبارەت بە بڕگەكانیش دوو بڕگە كە ئەوانیش بڕگەكانی ژمارە(1، 2) لە ئاستی

بەهێزدابیە، بەڵام سەرجەم بڕگەکانی تری بوارەکە ئاستی ناوەندییان بەدەستهێناوە. سەبارەت بە بەرزترین نزمترین نمرەی بڕگەکانیش لە نێوان(3,64–2,71) دابیە.

**2. بواری نەرمی نواندن (المرونة) :** ئەم بوارە لە (13) بڕگە پێکدێت، هەروەك لە خشتەی ژمارە (10) خراوەتەڕوو، ناوەندی شیاوی گشتی بڕگەکانی ئەم بوارە بریتییە لە (2,98)، لادانی پێوەری گشتی بڕگەکانیش بریتییە لە (2,46) کە ئەمەش ئاماژەییە بۆ ئەوەی کە دەرئەنجامی گشتی ئەم بوارە لە ئاستی ناوەنداییە.

خشتەی (10) ناوەندی شیاو و لادانی پێوەری و دەسنیشانکردنی ئاستی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی بواری نەرمی نواندن لای نموونەی توێژینەوەکە. (نموونە=46)

| ژ | بڕگە | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاستی پراکتیزەکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئازادیی دەربڕینی بۆچوون و بیروڕاکان بە فێرخوازەکان دەدات. | 3,81 | 4,11 | بەهێز |
| 2 | داوا لە فێرخوازان دەکات هەڵەو کەموکورتی هاوڕێکانیان ڕاستبکەوە لەکاتی دەربڕینی بیرۆکەیەکدا. | 3,69 | 4,26 | بەهێز |
| 3 | داوا لە فێرخوازان دەکات کە شارەزاییەکانیان بەکاربهێنن بۆ لێکدانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە وانەکەدا باس دەکرێن. | 3,52 | 3,20 | بەهێز |
| 4 | شێوازی ڕوونکردنەوەکەی دەگۆڕێت ئەگەر سەرنجی تێ نەگەیشتنی فێرخوازەکان بدات. | 3,31 | 4,22 | ناوەند |
| 5 | زیاتر لە چارەسەرێك بۆ کێشەیەکی دیاریکراو دەخاتەڕوو. | 3,20 | 2,21 | ناوەند |
| 6 | شێوازە جۆراوجۆرەکانی هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنێت وەك (هەوڵبدە، چۆن، لەکوێ). | 2,99 | 1,82 | ناوەند |
| 7 | فێرخوازان هاندەدات لە سەربنەمای بەدەستهێنانی مەعریفەی خوودی. | 2,86 | 2,36 | ناوەند |
| 8 | لە نێو ژووری پۆل هانی دیالۆگ و گفتوگۆ دەدات. | 2,78 | 1,23 | ناوەند |
| 9 | فێرخوازان هاندەدات بۆ پێشبینیکردنی دەرئەنجامەکانی بارودۆخێکی پەیوەست بە بابەتی وانەکەوە . | 2,72 | 12،2 | ناوەند |
| 10 | شێوازە جۆراو جۆرەکانی پاڵنەر بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە دەرئەنجام و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی وانەکە. | 2,58 | 1,34 | لاواز |
| 11 | فێرخوازان هاندەدات کە چەندین ڕوونکردنەوە بۆ هەمان دیاردە پێشکەش بکەن. | 2,52 | 1,48 | لاواز |
| 12 | فێرخوازان هاندەدات لە سەر بنەمای خستنەڕووی جێگرەوەکان و گرتنەبەری ڕێگا جۆراو جۆرەکان لە شیکارکردنی ڕاهێنان و چالاکیەکان. | 2,45 | 1,54 | لاواز |
| 13 | ستراتیژی ڕێژنەی بیرو ڕێگاچارەکان(بیربارین) بەکاردەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی بیرۆکە نوێکان لای فێرخوازان. | 2,36 | 2,12 | لاواز |
| | ناوەندی شیاوی گشتی بواری نەرمی نواندن | 2,98 | 2,46 | ناوەند |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە(10)، بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەندی شیاوی گشتی بوارەکە بریتییە لە (2,98) و لادانی پێوەری گشتی بوارەکەش بریتییە لە (2,46)، کە ئەمەش لە ئاستی ناوەنداییە. سەبارەت بە بڕگەکانیش سێ بڕگە کە ئەوانیش بڕگەکانی ژمارە(1،2،3) لە ئاستی بەهێزدابیە، شەش بڕگەش کە بڕگەکانی(9,8,7,6,5,4) لە ئاستی ناوەنداییە، بڕگەکانی ژمارە (13,12,11,10)ئاستی لاوازیان بەدەستهێناوە. سەبارەت بە بەرزترین نزمترین نمرەی بڕگەکانیش لە نێوان(3,81 – 2,36) دابیە.لەم بوارەدا چوار بڕگە ئاستی لاوازیان وەرگرتووە ئەوانیش بە ناوەندی شیاوی (2,58،2,52، 2,45، 2,36) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچاونەکردنی شێوازە جۆراو جۆرەکانی پاڵنەرو هاندان لای فێرخوازان و هەروەها

پشتنەبەستن بە پلانی پێشوەختەی دیاریکراو بەکارهێنانی ڕێگاو ستراتیژە نەریتیەکان لەوانەوتنەوەدا.

**3.بواری ڕەسەنایەتی (الاصالة):**ئەم بوارە لە (13) بڕگە پێکدێت،هەروەك لە خشتەی(11) خراوەتەڕوو، ناوەندی شیاوی گشتی بڕگەکانی ئەم بوارە بریتییە لە (2,58)، لادانی پێوەری گشتی بریتییە لە (1,99) و دەرئەنجامی گشتی ئەم بوارە لە ئاستی لاوازداییە.

خشتەی (11) ناوەندی شیاو لادانی پێوەری و دەستنیشانکردنی ئاستی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی بواری ڕەسەنایەتی لای نموونەی توێژینەوەکە. (نموونە=46)

| ژ | بڕگە | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاستی پراکتیزە کردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فێرخوازان هاندەدات کە هەستن بە دوبارە ڕێکخستنەوەی زانیارییەکان و کۆکردنەوەیان لە فۆرمێکی نوێدا. | 3,17 | 2,33 | ناوەند |
| 2 | وروژاندنی فێرخوازان و سەرنج ڕاکێشانیان بۆ ئەو باروودۆخ وکێشانەی کە پێویستیان بە وەڵامی هەمەچەشن و داهێنەرانە هەیە. | 3,14 | 2,17 | ناوەند |
| 3 | یارمەتی فێرخوازەکان دەدات بۆ شیکردنەوەی هەڵەکانیان بە شێوەیەکی بنیاتنەر بۆ گەیشتن بە چارەسەری نوێ. | 3,11 | 1,22 | ناوەند |
| 4 | گرنگی بە فێربوونی هەرەوەزی دەدات و هەڵدەستێتبە پاداشتکردنی شێوازە جیاوازەکانی بیرکردنەوەی فێرخوازان | 2,89 | 1,23 | ناوەند |
| 5 | هانی بەکارهێنانی ستراتیژی نابا‌و(ناتەقلیدی) دەدات لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا. | 2,70 | 1,38 | ناوەند |
| 6 | فێرخوازان هاندەدات بۆ بونیادنانی بیرۆکەیەکی نوێ لەسەر بنەمای بیرۆکەی کەسانیتر | 2,61 | 2,14 | ناوەند |
| 7 | دەرفەت بە فێرخوازان دەدات بۆ پراکتیزەکردنی ناوەرۆکی فێربوون بەپێی بارودۆخی نوێی ژیان | 2,48 | 3,34 | لاواز |
| 8 | لەڕێگەی پرسیارە جۆراوجۆرەکانی (پێشنیارکردن، هەڵهێنجان،سەلماندن،پوختکردنەوە) فێرخوازان دەوروژێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی ڕەسەنایەتی. | 2,45 | 2,24 | لاواز |
| 9 | داوا لە فێرخوازان دەکات کە ڕاپۆرتی پرۆژە یان چالاکیەکانیان بە وێناکردنێکی داهێنەرانە بخەنەڕوو. | 2,34 | 1,26 | لاواز |
| 10 | فێرخوازان هاندەدات بۆ بەکارهێنانی دایاگرامی چەمکی و ڕێکخستنی هێڵکارییەکان بەمەبەستی بەیەك بەستنەوەی چەمك و یەکەکان پێکەوە لەیەک کاتدا. | 2,26 | 1,64 | لاواز |
| 11 | لە ڕێگەی بەکارهێنانی بیرۆکە کۆنەکانەوە بیرۆکەی نوێ بەرهەمدەهێنێت لە بەرچاوی فێرخوازان بە شێوەیەکی پراکتیکی بە پشتبەستن بەئامراز و تەکنەلۆژیای نوێ . | 2,22 | 1,73 | لاواز |
| 12 | هانی فێرخوازەکان دەدات بۆ پێشکەشکردنی بیرۆکەی نامۆ. | 2,16 | 2,16 | لاواز |
| 13 | دۆزینەوە و ئاشکراکردنی دژیەکی و هەڵەکان لە نێو بیرۆکەیەکدا. | 2,12 | 3,15 | لاواز |
| | ناوەندی شیاوی گشتی بواری ڕەسەنایەتی | 2,58 | 1,99 | لاواز |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە(11)، بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەندی شیاوی گشتی بوارەکە بریتییە لە (2,58) و لادانی پێوەری گشتی بوارەکەش بریتییە لە (1,99)، کە ئەمەش لە ئاستی لاوازداییە. سەبارەت بە بڕگەکانیش شەش بڕگە کە ئەوانیش بڕگەکانی ژمارە(6,5,4,3,2,1) لە ئاستی ناوەنددایيە ، سەرجەم بڕگەکانی تر لە ئاستی لاوازدایيە کە ئەوانیش پێکهاتوون لە بڕگەکانی ژمارە (13,12,11,10,9,8,7) سەبارەت بە بەرزترین نزمترین نمرەی بڕگەکانیش

لە نێوان(3,17–2,58) دابیە. سەبارەت بەم بوارە حەوت بڕگەیان ئاستی لاوازیان وەرگرتووە بە ناوەندی شیاوی (2,48, 2,45, 2,34, 2,26, 2,22, 2,16, 2,12) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلانێکی باش بۆ وانەوتنەوە و بەردەوامبوون لەسەر شێوازە نەریتیەکان لە وانەوتنەوەدا، کە ئەمەش وادەکات هیچ بەرەوپێشچوون و نوێگەرییەك لەوانەکاندا ڕوونەدات لەگەڵ ئاشنانەبوون بە شێوازەکانی هەڵسەنگاندن کە ئەمەش دەبێتەهۆی پەیرەو نەکردنی شێوازەکانی چالاکیە جۆراو جۆرەکان، هۆکارێکی تریش کەمی بەردەستبوونی هۆکارو ئامرازە فێرکارییەکانە لە قوتابخانەکاندا کە لە ئاستی پێویستدانین تاوەکو مامۆستا بەپێی پێویست بەکاریان بهێت لەکاتی وانەوتنەوەدا، لەگەڵ ئەوەش نەبەستنەوەی پرۆسەی فێربوون بە بارودۆخی ژیان و هەروەها هاننەدانی فێرخوازان بۆ بەستنەوەی چەمك و یەکەکان و پێشکەشکردنی بیرۆکەکانیان بەشێوەیەکی نامۆ. لەکاتێکدا پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا دەبێتەهۆی بەرجەستەکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە بەشێوەیەکی کارا و هێنانەکایەی کەشێکی زانستیانە بە ئاراستەی زیاتر تێگەیشتنی فێرخوازان لە بابەتەکان و دروستکردنی کەشێکی وەها کە ڕۆڵی فێرخوازان زیاتر دەرکەوێت لەنێو پۆلدا و هەروەها بەدیهێنانی ئامانجەکانی وانەوتنەوە بەشێوەیەکی کاریگەر و باشتر. لەگەڵ ئەوەش دا فێرخوازان ڕادەهێنێت لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوە کە ئەمەش وا دەکات لەداوڕۆژدا هەر کێشەو ئاستەنگیەك کە ڕووبەڕوویان ببێتەوە بتوانن بەشێوەیەکی ئاسانتر چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە.

**3-4سەبارەت بە ئامانجی سێیەم کە دەقەکەی بەم شێوەیە " زانینی ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی هەریەك لە گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت) "**

**1.سەبارەت بە بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر ومێ)** لای نموونەی توێژینەوەکە, لە ڕووی چۆنیەتی پراکتیزەکردنی ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە. توێژەران هەستاون بە دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری و بەهای (T.test)هەژمارکراو بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، هەروەك لە خشتەی ژمارە (12) خراوەتەڕوو :

خشتەی(12) ناوەندی شیاو لادانی پێوەری و بەهای (T.test) هەژمارکراو بۆ دو نموونەی سەربەخۆ بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز

| T.test | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | دووبارەبووەکان | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | بەڵگەداری لە ئاستی 0,05 |
| نێر | 28 | 134,428 | 3,41 | 44 | هەژمارکراو | خشتەی | بەڵگەداری نیە |
| مێ | 18 | 137,277 | 2,96 | | 0,570 | 2,015 | |

هەروەك لە خشتەی ژمارە (12) دا ڕوونکراوەتەوە کە تێکڕای ناوەندی ژمێرەی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ ڕەگەزی نێر یەکسانە بە (134,428)، لە هەمان کاتدا بۆ ڕەگەزی مێ (137,277)،بەم پێیەش لە ڕووی ئامارییەوە جیاوازیەکی بەرچاو لە ئاستی بەڵگەداری لە نێوان لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە پێی ڕەگەزی نێرو مێ نابینین، بەهای (t) هەژمارکراو بچووکترە لە بەهای (t) خشتەی، بەم پێیەش بەڵگەداری نیە و هیچ جیاوازییەکیش نیە لە نێوانیان، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگەیەی کە هەردوو ڕەگەز کاری تیادا دەکەن و لەگەڵ ئەوەش یەك شێواز و تێڕوانیان هەیە سەبارەت بە پراکتیزەکردنی لێهاتووی

بیرکردنـەوەی داهێنـەرانـە لـە پرۆسـەی وانـەوتنـەوەدا. ئـەم ئـەنجامـەش هاوڕاییـە لـەگـەڵ ئەنجامەکانی(البوسعیدی و البحري ،2016) و (الشمری،2023)، پێچەوانـەشە لـەگـەڵ ئـەنجامی توێژینەوەی (العساف،2013) و (أبوجریبان،2018).

**2.سەبارەت بە بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز(ساڵانی خزمەت)**

لای نموونـەی توێژینـەوەکـە لـە ڕووی چۆنیـەتـی پراکتیـزەکردنـی ئاسـتی پراکتیـزەکردنـی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە. توێژەران هـەستاون بـە بـەکارهێنانی شیتەڵکردنەوەی جیاوازییە یەکیەکان (تحلیل تباین الاحادی) هەروەك لە خشتەی ژمارە (13) خراوەتەڕوو :

خشتەی ژمارە (13)، بەکارهێنانی شیتەڵکردنەوەی جیاوازییە یەکیەکان بۆ دەرخستنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری کۆمەڵەکان

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان | نمرەکانی ئازاد | ناوەندی دووجاکان | نرخی F | | بەڵگەداری لەئاستی 0,05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| جیاوازی لە نێوان گروپەکان | 831,87 | 2 | 415,93 | 0,543 | 3,214 | بەڵگەداری نیە |
| جیاوازی لەناو گروپەکان | 32918,67 | 43 | 765,55 | | | |
| جیاوازی هەمووی | 33750,54 | 45 | | | | |

هەروەك لە خشتەی ژمارە (13) دەردەکەوێت، کە بەهای (F) هەژمارکراو بریتییە لە (0,543)، بچـووکترە لـە بـەهـای خشـتەی کـە (3,214) لـە ئاسـتی بـەڵگـەداری(0,05) بـە نمـرەی ئازادی(2,43)، ئـەمـەش مانـای ئـەوە دەگـەیـەنێت کـە جیاوای بـەڵگـەداری ئـاماری نیە لـە نێوان ناوەندی نمرەی هەرسێ کۆمەڵەکە لە ڕووی ساڵانی خزمەتەوە.کەواتە بوونی ساڵانی خزمەت هیچ کاریگەرییەکی نەبووە لای نموونـەی توێژینـەوەکە لـە سـەر ئاستی پێوەری بیرکردنـەوەی داهێنـەرانـە، ئـەمـەش هۆکـارەکـەی دەگـەڕێتـەوە بۆ هـەبـوونی هـەمـان زانیاری و شـارەزای لای مامۆستایانی نموونـەی توێژینـەوەکـە لـە ڕووی پراکتیزەکردنـی لێهاتووییـەکانی بیرکردنـەوەی داهێنـەرانـە لـە کـاتی پرۆسـەی وانـەوتنـەوەدا. ئـەم ئـەنجامـەش هاوڕاییـە لـەگـەڵ ئـەنجامـەکـانی(البوسـعیدی و البحـري، 2016) و (الشـمری،2023)، هـەروەهـا پێچـەوانـەی توێژینەوەی(العساف،2013) و (أبوجریبان ،2018).

**4-4دەرئەنجامەکان :**

1.سەبارەت بە ئاستی پراکتیزەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی بازنەی سێیەم لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناو شـاری کـەلار بـەشێوەیەکی گشتی لە ئاستی ناوەنددا بوو، بە ناوەندی شیاوی گشتی (2,89).

2.لـە سـەر ئـاسـتی بـوارەکـانیش،بواری تـوانبێژی لـە ئاسـتی نـاوەنددا بـوو، بـە نـاوەنـدی شیاوی گشتی(3,11)،بواری نەرمی نواندنیش لە ئاستی ناوەنددا بوو بە نـاوەندی شیاوی گشتی(2,98)، ئاستی ڕەسەنایەتیش لە ئاستی لاوازدا بوو بە ناوەندی شیاوی (2,58).

3.سەبارەت بە بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە لە کۆی(46) بڕگە (5) بڕگەیان ئاستی بەهێزیان بەدەستهێنا،(30 )بڕگەیان ئاستی ناوەند، (11) بڕگەش ئاستی لاوازیان بەدەستهێنا، هەروەها بڕگـەی ژمـارە (1) لـە بـواری نـەرمـی نوانـدن بـە نـاوەنـدی شـیاوی (3,81) بـە ئاسـتی بـەهێز بەرزترین نمرە بوو، بڕگەی ژمارە (13) لە بواری ڕەسەنایەتی نزمترین نمرە بوو بـە نـاوەندی شیاوی (2,12).

4.نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە سەر ئاستی (0,05) بۆ هەریەك لە گۆڕاوەكانی( ڕەگەز، ساڵانی خزمەت).

**4-5ڕاسپاردەكان :**

1.ڕێكخستنی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان و پێدانی زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی پراكتیزەكردنی لێهاتووییەكانی بیركردنەوەی داهێنەرانە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا.

2.پێداچوونەوە بە بەرنامەكانی ئامادەكردنی مامۆستایانی بابەتە كۆمەڵایەتیەكان لەلایەن كۆلێژەكانەوە، بۆئەوەی لێهاتووییەكانی بیركردنەوەی داهێنەرانە لە بەرچاو بگرن و لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا بەكاریان بهێنن.

3. دەستەبەركردنی توانا مادییەكان لە قوتابخانەكاندا وەك بەردەستنەبوونی هۆكار و ئامرازە فێركارییەكان لەگەڵ كەرەستەی خاوی پێویست بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت پەرە بە لێهاتووییەكانی بیركردنەوەی داهێنەرانە بدات.

**4-6پێشنیارەكان :**

1.ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی تر كە تیایدا ئاستی پراكتیزەكردنی لێهاتووییەكانی بیركردنەوەی داهێنەرانە لای ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوەی زانكۆ یان مامۆستایانی قوناغی ئامادەی بخاتەڕوو.

2.ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو پرۆگرامانەی كە لە كۆلێژەكاندا پێشكەش دەكرێن سەبارەت بە كاریگەریان لە سەر پەرەپێدان بە بیركردنەوەی داهێنەرانە.

**الهوامش**

---

١.علي عبداللة حسن اليافعي: برنامج لتطوير الأداء المهني لمعلم الدراسات الاجتماعية بالمرحلة الابتدائية في دولة قطر في ضوء الاحتياجات التدريسية، مجلة بحوث التربية، العدد(٢٤)، المجلد(١٢)،جامعة قطر،٢٠٠٣،ص٢٦٣

١.محمد أحمد عبدالجواد: كيف تنمي مهارات الإبتكار والإبداع الفكري في ذاتك أفرادك مؤسستك،ط١، دار البشير الثقافية والعلوم، طنطا، مصر،٢٠٠٠، ص٣٨٦.

٢. مارية عبداللة الشمري و منصور بن مزعل العنزي: درجة ممارسة معلمي الصفوف الأولية لمهارات التفكير الإبداعي من وجهة نظرهم، المجلة العربية للعلوم ونشر الأبحاث،كلية التربية والاداب، جامعة تبوك، السعودية، المجلد (٧)،العدد(١١)، ٢٠٢٣، ص٢٣

٣. ياسر محمد خيايا: واقع مهارات التفكير الابداعي بالمرحلة الابتدائية من وجهة نظر معلمي العلوم، المجلة العربية للعلوم التربوية والنفسية، المجلد الرابع، العدد (١٨)، ٢٠٢٠، ص٦٧١.

١.نانسي محمد الخرابشة:أثر استخدام بعض مهرات التفكير الابداعي في تحصيل طلبة الصف الثالث الاساسي، والاحتفاظ بالمعلومة في تدريس مادة العلوم في المدارس الخاصة في العاصمة في عمان، جامعة الشرق الاوسط. قاعدة المنظومة للرسائل الجامعية، رسالة ماجستير،٢٠١٨، ص٥.

٢. بيدا بنت عبدالكريم تركي و نهى بنت عبدالعزيز النشوان: درجة ممارسة المعلمات لمهارات التفكير الابداعي في تدريس اللغة الانجليزية للمرحلة المتوسطة، المجلة الاكاديمية العالمية في العلوم التربوية والنفسية، المجلد(٢)،العدد٢، ٢٠٢١، ص٢٠ .

٢. احمد أنس احمد عوض، درجة ممارسة مدرسي البلاغة أساليب تنمية التفكير الإبداعي من وجهة نظر طلبة الصف الأول الثانوي العام في مدينة دمشق، مجلة الجامعة الإسلامية للدراسات التربوية والنفسية، المجلد (٢٢)، العدد (٤)،٢٠١٤،ص٢٨٤.

٤. مارية عبداللة الشمري و منصور بن مزعل العنزي: مصدر سابق، ص٢٣-٢٤.

1.Cottrell, Stella : *The study skills handbook* .Fifth Edition London, Macmillan press Ltd,1999,p21.

٢. حسام مهدي ريحان: دور معلمي المرحلة الأساسية في تنمية مهارات التفكير الإبداعي لدى طلبتهم في محافظات غزة، مجلة رابطة التربويين الفلسطينين للاداب والدراسات التربوية والنفسية، المجلد (٢)، العدد(٥) ، ٢٠٢٢، ص٢٩٧.

٣. عدنان يوسف العتوم، عبد الناصر ذياب الجراح، وبشارة موفق : تنمية مهارات التفكيرنماذج نظرية وتطبيقات عملية،ط١، دار المسيره للنشر والتوزيع، ٢٠١٤، ص٢١٤

٤. كەریم شەریف قەرەچەتانی، سایكۆلۆژیای گشتی، چ٤ ، چاپخانەی سلێمانی، پیرەمێرد، ٢٠١٥، ل٢٥٦.

٥. خولة الزبيدي: مهارات التفكير وأسلوب حل المشاكل، ط٤، مكتبة الشقري، الرياض،السعودية،٢٠٠٦، ص٢٢٤.

٦. سازان صلاح تۆفیق وسۆلاف فائق شەمەی: دیزاینكردنی پرۆگرامێكی فێركاری پشتبەستوو بە تەكنۆلۆجیای واقیعی پاڵپشت كراو لە بەدەستەێنانی چەمكە كۆمەڵایەتییەكان و گەشەپێدانی بیركردنەوەی داهێنەرانە لای منداڵانی باخچەی منداڵان – ئاستی دووەم،گۆڤاری زانكۆی هەڵەبجە، بەرگی (٧)، ژمارە(٢)،٢٠٢٢، ل١٧٩.

١.غدنانة سعيد بنعلي: مدى استخدام معلمي دراسات الاجتماعية لمهارات التفكير في تدريس تلاميذ المرحلة الابتدائية بدولة قطر، مجلة رسالة الخليج العربي، الرياض، المملكة العربية السعودية ، العدد(٩٩)، ٢٠٠٥،ص٨٠ .

٢. اكرم صالح خوالدة: اللغة والتفكير الاستدلالي، ط١، دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع،الرياض، السعودية،٢٠١٦، ص٢١٣.

٣.كەریم ئەحمەد عەزیز: بنەما گشتیەكانی ڕێگاكانی وانەوتنەوە، چ١، چاپخانەی نارین، هەولێر،٢٠١٤، ل٧١

٤. شريهان احمد محمد و مناظل عباس قاسم: هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وانەوتنەوە لەریگەی ئەنتەرنێتەوە لەروانگەی مامۆستایان و خویندكارانی زانكۆی گەرمیان و ئاراستەیان دەربارەی خوێندنی ئەلیكترۆنی، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، خول(٩)،ژمارە(٢)،٢٠٢٢، ل٢٠٢.

٥. كاوە علی محمد: هەڵسەنگاندنی پەرتوكەكانی بابەتەكۆمەڵایەتیەكان لەقۆناغی بنەرەتی لەروانگەی مامۆستایانەوە، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژمارە (٣٤)، بەشی B،٢٠١٢، ل١١٦

١. ژیلوان جلیل محمد: هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکاندا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، نامەی ماستەر،،٢٠٢٣، ل١٢.

٢.الجلاد ماجد زكي الجلاد: مهارات تدريس القران الكريم رؤية معاصرة في مناهج إعداد المعنى القرآن الكريم وطرائق التدريس الفعالة، ط١، دار المسيرة، عمان، الأردن، ٢٠٠٧، ص ١٨٧.

٣.احمد علي ابوعبيد: اثر استخدام استراتيجية التعليم المتمايز في التنمية مهارات التفكير الإبداعي وتحسين الاتجاهات نحو مقرر الرياضيات لدى طلبة الصف الثاني الثانوي، مجلة العلوم التربوية والنفسية،العدد(١٠) المجلد(٣)، ٢٠١٩، ص٤٨ .

١.تهاني سعد الذويبي:مدى تطبيق معلمات العلوم بالمرحلة المتوسطة لمهارات التفكير الإبداغي،مجلة العلوم التربوية والنفسية،جامعة الطائف، المملكة العربية السعودية، المجلد(٦)، العدد(٦٠)،٢٠٢٢،ص٥٢-٥٣.

٢.مفتاح مصطفى عبداللة: استخدام انموذج تسريع التفكير لدى طلاب الصف الثالث الثانوي العلمي، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية، المجلد (١١)، العدد (٢)٢٠١٩ ، ص٦

٣.أحمد عبد اللطيف عبادة:الحلول الابتكارية للمشكلات (النظرية والتطبيق)،ط١، دار الحكمة، البحرين،٢٠٠٥، ص١١

٤.حسام مهدي ريحان: مصدر السابق، ص ٣٠١ -٣٠٢

٥.عبداللة، احمد إسماعيل: تأثير استراتيجية سوم على تنمية التفكير الابداعي و اكتساب فن اداء مهارات الاخماد في لعبة كرة القدم، مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو، المجلد(١١)، العدد(١)،٢٠٢٣،ص٢٣

١.سعيد عبدالعزيز: تعليم التفكير ومهاراته، ط٣،دار الثقافة للنشر والتوزيع عمان، الأردن،٢٠١٣،ص٩٧.

٢. حسام مهدي ريحان: مصدر السابق، ص ٣٠٣ - ٣٠٤

١.منال هلال مزاهرة، بحوث الإعلام الأسس والمبادي،ط١، دار كنوز المعرفة العلمية للنشر والتوزيع، عمان،الأردن،٢٠١١، ص٢٣٣

٢. محمد محمود الكبيسي، فلسفة العلم ومنطق البحث العلمي، ط١، بيت الحكمة ،بغداد، العراق،٢٠٠٩، ص١٠١

٣.صابر مستەفا بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی،٢٠٢٠، ل١٧٤

## *لیستی سەرچاوەکان


1.صابر بۆکانی: **میتۆدی توێژینەوەی زانستی**، چ2، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی, 2020.

2. سازان صلاح تۆفیق وسۆلاف فائق شەمەی **دیزاینکردنی پرۆگرامێکی فێرکاری پشتبەستوو بە تەکنۆلۆجیای واقیعی پاڵپشت کراو لە بەدەستهێنانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای منداڵانی باخچەی منداڵان** – ئاستی دووەم،گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە،2020، بەرگی (7)، ژمارە(2).

3. کەریم ئەحمەد عەزیز: **بنەما گشتیەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە**، چ1، چاپخانەی نارین، هەولێر،2014.

4. کەریم شەریف قەرەچەتانی: **سایکۆلۆژیای گشتی**، چ4 ، چاپخانەی سلێمانی، پیرەمێرد،2015.

5. شريهان احمد محمد و مناظل عباس قاسم: **هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وانەوتنەوە لەریگەی ئەنتەرنێتەوە لەروانگەی مامۆستایان و خویندکارانی زانکۆی گەرمیان و ئاراستەیان دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی**، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خول(9)،ژمارە(2),2022.
6. کاوە علی محمد: **هەڵسەنگاندنی پەرتوکەکانی بابەتەکۆمەلایەتیەکان لەقۆناغی بنەرەتی لەروانگەی مامۆستایانەوە**، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی, ژمارە (34)، بەشی B, 2012.
7.ژیلوان جلیل محمد، **هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکاندا**، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، نامەی ماستەر،2023.
٨.أبوجربيان تهاني فواز: **درجة ممارسة معلمي اللغة الإنجليزية للصف التاسع الأساسي لمهارات التفكير الإبداعي**، مجلة دراسات العلوم التربوية، المجلد(٤٥)، العدد (٢)، ٢٠١٨.
٩.احمد أنس احمد عوض: **درجة ممارسة مدرسي البلاغة أساليب تنمية التفكير الإبداعي من وجهة نظر طلبة الصف الأول الثانوي العام في مدينة دمشق**، مجلة الجامعة الإسلامية للدراسات التربوية والنفسية، المجلد (٢٢)، العدد (٤)،٢٠١٤.
أحمد عبد اللطيف عبادة: **الحلول الابتكارية للمشكلات (النظرية والتطبيق)**، ط١، دار الحكمة، البحرين، ٢٠٠٥. ١٠.
١١.احمد علي ابوعبيد: **اثر استخدام استراتيجية التعليم المتمايز في التنمية مهارات التفكير الإبداعي وتحسين الاتجاهات نحو مقرر الرياضيات لدى طلبة الصف الثاني الثانوي**، مجلة العلوم التربوية والنفسية،العدد(١٠) المجلد(٣)، ٢٠١٩.
١٢.اسمى فرحان الشراب عبادي: **درجة ممارسة معلمي ومعلمات التربية الاجتماعية في لواء وادي السير بمحافظة العاصمة الاردنية لمهارات تنمية التفكير الابداعي**،المجلة الدولية لتطوير التفوق،المجلد الحادي عشر العدد (٢٠)،٢٠٢٠.
١٣.اكرم صالح خوالدة: **اللغة والتفكير الاستدلالي**، ط١، دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع،الرياض، السعودية،٢٠١٦.
١٤.بيدا بنت عبدالكريم تركي و نهى بنت عبدالعزيز النشوان: **درجة ممارسة المعلمات لمهارات التفكير الابداعي في تدريس اللغة الانجليزية للمرحلة المتوسطة**، المجلة الاكاديمية العالمية في العلوم التربوية والنفسية، المجلد(٢)،العدد٢، ٢٠٢١.
١٥.تهاني سعد الذويبي: **مدى تطبيق معلمات العلوم بالمرحلة المتوسطة لمهارات التفكير الإبداغي**،مجلة العلوم التربوية والنفسية، جامعة الطائف، المملكة العربية السعودية، المجلد(٦)، العدد(٦٠)،٢٠٢٢.
١٦.الجلاد ماجد زكي: **مهارات تدريس القران الكريم رؤية معاصرة في مناهج إعداد المعنى القرآن الكريم وطرائق التدريس الفعالة**، ط١، دار المسيرة، عمان، الأردن، ٢٠٠٧
١٧.جمال عبدالفتاح العساف:**اتجاهات معلمي الدراسات الاجتماعية نحو تنمية مهارات التفكير الإبداعي لدى طلبة المرحلة الأساسية العليا في مديرية تربية عمان الثالثة**،مجلة الجامعة الإسلامية للدراسات التربوية والنفسية،المجلد (٢١)،العدد (١)،٢٠١٣.
١٨.حسام مهدي ريحان: **دور معلمي المرحلة الأساسية في تنمية مهارات التفكير الإبداعي لدى طلبتهم في محافظات غزة**، مجلة رابطة التربويين الفلسطينين للآداب والدراسات التربوية والنفسية، المجلد (٢)، العدد(٥) ، ٢٠٢٢.
١٩.خولة الزبيدي: **مهارات التفكير وأسلوب حل المشاكل**، ط٤، مكتبة الشقري، الرياض،السعودية،٢٠٠٦.
٢٠.عدنان يوسف العتوم، عبد الناصر ذياب الجراح، وبشارة موفق : **تنمية مهارات التفكيرنماذج نظرية وتطبيقات** عملية،ط١، دار المسيره للنشر والتوزيع، ٢٠١٤
٢١.علي عبداللة حسن اليافعي: **برنامج لتطوير الأداء المهني لمعلم الدراسات الاجتماعية بالمرحلة الابتدائية في دولة قطر في ضوء الاحتياجات التدريسية**، مجلة بحوث التربية، العدد(٢٤)، المجلد(١٢)،جامعة قطر،٢٠٠٣.

٢٢.غدنانة سعيد بنعلي: **مدى استخدام معلمي دراسات الاجتماعية لمهارات التفكير في تدريس تلاميذ المرحلة الابتدائية بدولة قطر**، مجلة رسالة الخليج العربي، الرياض، المملكة العربية السعودية، العدد(٩٩)،٢٠٠٥.
٢٣.فاطمة بنت يوسف البوسعيدة و مريم بنت محمد البحري: **درجة استخدام معلمي اللغة العربية لأساليب تنمية مهارات التفكير الإبداعي في تدريس الحلقة الثانية من التعليم الأساسي في محافظة مسقط**، مجلة كلية التربية بالمنصورة، المجلد (١٠٧)، العدد(٢)،٢٠١٩.
٢٤.مارية عبداللة الشمري و منصور بن مزعل العنزي: **درجة ممارسة معلمي الصفوف الأولية لمهارات التفكير الإبداعي من وجهة نظرهم**، المجلة العربية للعلوم ونشر الأبحاث، المجلد (٧)،العدد(١١)، ٢٠٢٣.
٢٥.محمد أحمد عبدالجواد: **كيف تنمي مهارات الإبتكار والإبداع الفكري في ذاتك أفرادك مؤسستك**،ط١، دار البشير الثقافية والعلوم، طنطا، مصر،٢٠٠٠.
٢٦.محمد محمود الكبيسي، **فلسفة العلم ومنطق البحث العلمي**، ط١، بيت الحكمة ،بغداد، العراق،٢٠٠٩.
٢٧.مفتاح مصطفى عبداللة: **استخدام انموذج تسريع التفكير لدى طلاب الصف الثالث الثانوي العلمي**، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية، المجلد (١١)، العدد(٢)، ٢٠١٩.
٢٨.منال هلال مزاهرة: **بحوث الإعلام الأسس والمبادي**، ط١، دار كنوز المعرفة العلمية للنشر والتوزيع، عمان،الأردن،٢٠١١.
٢٩.نانسي محمد الخرابشة: **أثر استخدام بعض مهرات التفكير الابداعي في تحصيل طلبة الصف الثالث الاساسي، والاحتفاظ بالمعلومة في تدريس مادة العلوم في المدارس الخاصة في العاصمة في عمان**، جامعة الشرق الاوسط، رسالة ماجستير،٢٠١٨.

30.Cottrell, Stella. (2019) **: The study skills handbook** .Fifth Edition London, Macmillan press Ltd.

31.Erdem , A, and Adiguzel, D. (2019), **The Opinions of Primary School Teachers on their Creative Thinking Skills**. Eurasian Journal of Educational Research 80(2019), P 25/ 38.

**❋List of sources**

1. Saber Bokani: Scientific Research Method, Vol. 2, Chawarchra Printing House, Sulaimani,

2. Sazan Salah Tofiq and Solav Faiq Shamay Designing an educational program based on realistic technology supported in the acquisition of social concepts and development of creative thinking among kindergarten children – Level 2, Halabja University Journal, 2020, Volume (7), Number (2).

3. Karim Ahmad Aziz: General Principles of Teaching Methods, Vol. 1, Narin Printing House, Erbil, 2014.

4. Karim Sharif Karachetani: General Psychology, Vol. 4, Sulaimani Printing House, Piramird,

5. Shrihan Ahmad Mohammed and Manazal Abbas Qasim: Evaluation of the online teaching process from the perspective of teachers and students of Garmian University and their direction about e-learning, Garmian University Journal, Course (9), No. (2),

6. Kawa Ali Mohammed: Evaluation of Social Subjects Books in Primary School from Teachers' Perspective, Sulaimani University Journal, No. (34), Part B,

7. Zhilwan Jalil Mohammed, Assessment of Social Subjects Teachers' Skills in Primary Schools, Sulaimani University, College of Primary Education, Master's Thesis,

8. Abu Jariban Tahani Fawaz: English Language Teacher Practice Degree for Basic Level of Creative Thinking Skills, Journal of Educational Sciences Studies, Volume (45), Number (2), 2018.

9. Ahmad Anas Ahmad Awad: Practice Degree of Prose Teacher Methods of Developing Creative Thinking from the Perspective of First Grade Public Secondary School Students in Damascus, Magazine Islamic University for Educational and Psychological Studies, Volume (22), Number (4),

9. Ahmed Abdul Latif Ebadah: Preliminary Solutions to Problems (Theory and Application), Volume 1, Dar Al-Hikmah, Bahrain,

11. Ahmed Ali Abu Obaid: The Effect of Using a Differentiated Education Strategy on Developing Creative Thinking Skills and Improving Strategies for Mathematics Teaching for Grade Students الثاني الثانوي, Journal of Educational and Psychological Sciences, Issue (10) Volume (3),

12. Farhan Al-Sharab Ebadi: Teaching Practice and Social Education Skills Degree in Wadi Al-Sir Brigade by Jordanian High Governorate for Creative Thinking Development Skills, the magazine International for the Development of Consensus, Volume Twenty (20),2

13. Akram Saleh Khawalda: Language and Reasoning Thought, Vol.

14. Bida Bint Abdulkarim Turki and Nahi Bint Abdulaziz Al-Nashwan: Teachers' Practice Level for Creative Thinking Skills in Teaching English to the Intermediate Stage, Journal International Academy of Educational and Psychological Sciences, Volume (2), Number 2,

15. Tahani Saad Al-Zuwaibi: On the Application of Intermediate Stage Science Teachings for Creative Thinking Skills, Journal of Educational and Psychological Sciences, Taif University, Kingdom Saudi Arabia, Volume(6), Number(60),2

16. Al-Jalad Majid Zaki: Quran Teaching Skills, Contemporary View in the Curriculum of Quran Semantics and Active Teaching Methods, Vol. 1, Dar Al-Masira, Oman, Jordan, 2007

17. Jamal Abdulfattah Al-Asaf: Social Studies Teaching Strategies for Developing Creative Thinking Skills for Upper Primary Students in Oman Education Directorate Third, Journal of Islamic University for Educational and Psychological Studies, Volume (21), Number (1),

18. Hassam Mahdi Rihan: The Role of Elementary Teachers in Developing Creative Thinking Skills among Students in Gaza Governorates, Palestinian Educators Association Magazine For Ethics and Educational and Psychological Studies, Volume (2), Number (5) ,

19. Al-Zubaidi Course: Thinking Skills and Problem Solving Style, Volume 4, Al-Shakri Printing House, Riyadh, Saudi Arabia,

20. Adnan Yousef Al-Ottoum, Abdul Nasser Dhiab Al-Jarah, and Bashar Mowafq: Development of Thinking Skills, Theoretical Analysis and Practical Applications, Volume 1, Dar Al-Masira Publishing and Distribution,

21. Ali Abdullah Hassan Al-Yafi'i: Professional Performance Development Program for Social Studies Teachers at the Primary Stage in Qatar in view of Educational Needs, Journal of Educational Research, No. (24), Volume (12), Qatar University,

22. Ghadnana Saeed Bin Ali: On the Teacher's Use of Social Studies for Thinking Skills in Teaching Primary Education in Qatar, Arabian Gulf News Magazine, Riyadh, Kingdom of Saudi Arabia, No.(99),2005.

23. Fatima bint Yousef al-Busaidah and Maryam bint Mohammed al-Bahri: Grade of Teacher Use of Arabic Language as a Method of Developing Creative Thinking Skills in Teaching Second Episode Primary Education in Muscat Governorate, Journal of the Faculty of Education in Mansoura, Volume (107), Number (2),

24. Maria Abdullah al-Shamri and Mansour bin Mazaal al-Anzi: First row teacher practice degree for creative thinking skills from their perspective, Arab Journal of Science and Publishing Research, Volume (7), Number (11),

25. Mohammed Ahmed Abdul Jawad: How to develop innovative skills and intellectual creativity in your individuals, Vol.


(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

26. Mohammed Mahmoud al-Kubaisi, Philosophy of Science and Logic of Scientific Research, Vol. 1, House of Wisdom, Baghdad, Iraq,

27. Muftah Mustafa Abdullah: Using Thinking Acceleration Models in Third Grade Secondary School Students, Journal of Al-Fayum University for Educational and Psychological Sciences, Vol (11), Issue(2),

28. Manal Hilal Exhibition: Basic Information Research, Volume 1, Scientific Knowledge Treasury for Publishing and Distribution, Oman, Jordan,

29. Nancy Mohammed Al-Kharabsha: The effect of using some creative thinking skills in achieving third grade students and preserving information in teaching science in schools Specialist in the sky in Oman, Middle East University, Master's thesis,

30.Cottrell, Stella. (2019) : The Study Skills Handbook .Fifth Edition London, Macmillan Press Ltd.

31.Erdem , A., and Adiguzel, D. (2019), The Opinions of Primary School Teachers on Their Creative Thinking Skills. Eurasian Journal of Educational Research 80(2019), P 25/38.